# بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە

پ.ی.د عبدالقادر حمەأمین محمد/ زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان/ بەشی كوردی

پێشەكی:

له سیاقی بنەماكانی هەڵوەشاندنەوەدا، رەخنەگران هەوڵیانداوە بۆ دامەزراندنی ستراتیژی رەخنەی هەڵوەشاندنەوە چەندین دەستەواژەو چەمك دەربارەی رەخنەی هەڵوەشاندنەوە ، كاتی نووسەر لە نووسین دەبێتەوە، دەسەڵات دەدرێتە خوێنەر یان وەرگر لە بەرهەمهێنان و دەرهێنانی دەقدا ئەویش لە رێگەی بێكۆتایی دەلالەت و گەمەی جیاوازییەكان و گرنگیدانیش بە وتەزای دەقاوێزان لە دۆزینەوەی مەودای مەعریفە جیاوازەكانی دەقە ئەدەبییەكان هەموو ئەمانەش رەتكردنەوەی كردەی بونیادگەری و جۆرە مۆدێكە لە رەخنەی تر، هەروەك مردنی نووسەر لەگەڵ بونیادگەری و سیمۆلۆژی و شێوازگەریداو بانگەوازی مردنی كۆتاییشی لە هەڵوەشاندنەوەدا راگەیەندرا.

هەڵوەشاندنەوە میتۆدو شیكردنەوەی رەخنەیی نیە، یاساو پرەنسیپی روون و ئاشكرای نیە كە دامەزرێنەرانی هەڵوەشاندنەوە بەگشتی لەسەری كۆكبن، ئەمەش وایكردووە كە تارادەیەك لێڵی و نامۆیی لای خوێنەران دروست بێت، توێژینەوەكەش تیۆری‌و پراكتیكییەو بەسەر سێ بەشدا دابەشبووە، بەشی یەكەمیان بریتیە لە:

١- مردنی نووسەر.
٢- جیاوازی و دواخستن.
٣- دەقاوێزان.

بەشی دووەمیش ئەم دوو پێكهاتەیە دەگرێتەوە:

١- زانستی زمان Grammatology.
٢- نیشانەو جێكەوت.
٣- بەشی سێهەمیش پراكتیكی تێۆرەكەمان كردووە بەسەر دەقی "چراو مەشقەڵان".

دواتریش خۆی لە ئەنجام‌و سەرچاوەو پوختەكەیدا دەبینێتەوە.

بەشی یەكەم

١- مردنی نووسەر Death of Author

رەخنە ماوەیەكی دوورو درێژ لە هەوڵی پەیوەندیدا بووە لەگەڵ نووسەرو بە سەرچاوەی شیكردنەوەی دەقی ئەدەبیی دادەنا لە گوتاردا، خوێنەریش هەمیشە پێشوازی لەمجۆرە شیكردنەوەیە كردووەو زیاتریش جەختی لە بایۆگرافی نووسەرو سەردەم و مەبەستی كردۆتەوەو بنەمای راڤەكردن بووە، هەتا "هیرش" رای وابووە كە (ناتوانین قسە لەسەر راڤەیەكی رەها بكەین، ئەگەر گریمانەی نیەتی نووسەر نەبێ بۆ حوكمدانی بەسەر راڤەكەدا)[1]، دواتر ئەم روانگەیە ئاراستەیەكی تری وەرگرت تا گەیشتە ئەو خاڵەی كە زمان رۆڵی سەرەكییە نەك (من) یاخود راناوی كەسی، لە دوای بونیادگەریش زەنگی مردنی نووسەر لێدراو ئەو راستیە روونكرایەوە، كە خوێندنەوەی

[1] عبدالله الغذامي، الخطيئة والتكفير، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – المغرب، ط٦، ٢٠٠٦، ص٢٨.

کاره ئەدەبییەکان تەنها (نووسین)ە پەنهانەکانی دیاریدەکات و ماناو دەلالەتە نەوتراوەکان دەردەخات، هەروەك "بارت" لە ساڵی ١٩٦٨ ئاماژەی بە فکری مردنی نووسەر کرد)[2] "The Death of Author".

لێرەوە مردنی نووسەر لەدایکبوونی خوێنەری راگەیاند هەروەك دەڵێت (لەدایکبوونی خوێنەر مردنی نووسەری بەدواوەیە)[3] واتە هەردوو چەمکی "نووسەر" و "خوێنەر" جەختیان لەسەر "نووسین" دەکردەوە، کە دژی هەموو دەنگێکەو دژی هەموو خاڵێکە کە بە "ئەسڵ" دەستپێدەکات.

بەمجۆرە "بارت" مەرگی نووسەری راگەیاندو "نووسین"یش بە دەقێتی Textulity لەلایەن "بارت"ەوە ناوزەدکرا لەسەر ئەوەی کە (زمان قسە دەکات نەك نووسەر)[4] ئەم بۆچوونەش بە گرنگترین وتارە رەخنەییەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێ کە بۆچوونی دوای بونیادگەرییە، خوێنەریش ئەو رۆڵەی پێدەبەخشرێ و دەبێتە سەرچاوەی بەرهەمهێنان و چیتر "دال و مەدلول" بەسەر خۆیدا داناخرێ و بەرەو کرانەوە دەچێت، هەربۆیەش هەڵوەشاندنەوە داوای مردنی نووسەریان کردو رایانگەیاند کە کاری ئەدەبی پەیوەست نیە بە نووسەرەوەو "بارت"یش ئەوەی راگەیاند کە (گێرانەوەی دەق بۆ نووسەرو جێگیربوونی ماناو مەدلولی کۆتایی بەمانای داخستنی نووسینە)[5].

پەیوەندی نێوان نووسەرو دەق وەك پەیوەندی نێوان باوك – کوڕ وایە (نووسەر – دەق). (باوك – کوڕ) دواتریش دەگۆڕێت و دەسڕێتەوە، زمان لەبری نووسەر دەبێتە سەرچاوە، هەر لەسەر دەستی "بارت" نووسەرو بایۆگرافی نووسەر دەچنە شوێن تیۆرێکی نوێ و دەق پێشوازی لێدەکات، دەسەڵاتی خوێنەریش بەرەو گەشەکردن دەڕوات، ئەو تیۆرە کلاسیکیەی نووسەر بەسەردەچێت و خوێنەر رووبەڕووی دەقێتی Textuality دەبێتەوە، واتە ئەو دەقەیە کە توخم و رەگەزی جیاواز هەڵدەگرێت، ئەم حاڵەتە رێگە خۆشکەر بوو بۆ کردەی هەڵوەشاندنەوە بەرەو گشت رەهەندەکانی ماناو دەلالەت، بۆیە (ئەو شوێنەی کە فرەیی تیا چڕبێتەوە لە هەر ساتێکی دەقدا ئەوە خوێنەرە نەك نووسەر)[6] بەم شێوەیە هەڵوەشاندنەوە کۆتایی بە زەمەنی نووسەر هێناو دەسەڵاتی کۆنی نەما، کە لە ساڵی ١٩٦٨ راگەیەندراو خوێنەر شوێن دەسەڵاتی نووسەری گرتەوە، ئەمەش وادەکات کە خوێنەر بەرهەمهێنەری دەقەو دەرگای خستە سەرپشت بۆ دۆزینەوەی لایەنە نهێنیەکانی ناو دەق.

بەپێی دیدی "بارت" (دەق پەڕەیەکی سپیەو پێش ئارەزووەکانی خوێنەر هیچ شتێك نادرکێنێ)[7] بەم پێیە خوێندنەوەکان لەسەر پرەنسیپی یاریکردنە بە دالەکان، زیاتر وەرگر رۆڵی سەرەکی دەبینێ و سەردەمی هەڵوەشاندنەوەش سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، هاوتەریب بووە لەگەڵ تیۆری وەرگرتن " Reception Theory" و گەشەسەندنی (١٩٨٤) کە خوێنەر داهێنەرێکی هاوبەش بووە لە واتاو گرنگی بەهاکەی نەك خودی دەق.

هەڵوەشاندنەوە باوەڕی بە دیدی تێگەیشتنی خوێنەر هەیە، واتە لە تێگەیشتنی خوێنەرەوە شیکردنەوە لەسەر دەق دەکات، بە جیاوازی خوێنەرەکانیش دیدو بۆچوونەکان دەگۆڕدرێن، چونکە خوێندنەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا حاڵەتێکی دیالیکتیکی هەیەو خودی دەقیش واتاو لێکدانەوەی جیاواز لەخۆدەگرێت، کە (بە بەردەوام واتای وشە دوادەخرێت دال – مەدلول – دال، واتە "دال" دەبێتە مەدلول، "مەدلول"یش دەبێتەوە بە دال، دواتر

---

[2] فاطمة البريكي، مدخل الى الأدب التفاعلي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ط١، ٢٠٠٦، ص١٦٦.

[3] رولان بارت، درس السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بنعبد العالي، دار توبقال للنشر، المغرب، ط٢، ١٩٨٢، ص١٥٣.

[4] ميجان رويلي (د) ،سعد البزعي (د)، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٢، ٢٠٠٠، ص١٥٣.

[5] محمد عزام، تحليل الخطاب الأدبي، على ضوء المناهج النقدية الحديثة، دراسة في نقد النقد، من منشورات اتحاد الكتاب العربي، دمشق، ٢٠٠٣، ص١٣٥.

[6] تيري ايكلتن، مقدمة في نظرية الأدب، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، مراجعة عاصم اسماعيل الياس، بغداد، ١٩٩٣، ص١٥٠.

[7] عبدالعزيز حمودة (د)، المرايا المحدبة من البنوية الى التفكيك، عالم المعرفة ٢٣٢، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب/ الكويت، ١٩٩٨، ص٣٤٧.

ئەم "دال"ەش هەڵگری مەدلولی نوێیەو جارێکی تر دەبێتەوە بە دال)[8] بۆیە دەق دەبێتە پرۆسەیەکی "دواخستن" مەدلولی بێکۆتاش لە ڕێگەی گەمەی دالەکانەوە پێکدێت، ئەمە ئەوە دەردەخات کە ناتوانرێ ببێتە سەنتەرو بەسەر خۆیدا دابخرێت، بەم شێوەیە هێزێك دەداتە گوتاری ئەدەبی و لە بازنەیەکدا نامێنێتەوە (زمان)یش دەبێتە تەوەرێك لە ئاسۆکان و خاوەن دەلالەت چونکە گوتار لەرووی پێکهاتەی زمانییەوە (دەق یان گوتار لە کۆمەڵێك گوتە پێکدێت، هەر گوتەیەك لە چەند وشەیەك و رستەیەکی لێکدراو پێکدێت، کەواتە گوتار دەبێتە کۆمەڵێك گوتەی ڕێکخراو لەنێو بونیادی سیستماتیکی زماندا، ئەو گوتانە لەنێو نەسەقی گوتاردا وا ڕێکخراون دەبنە بەشێك لە گشت، واتە هەر گوتەیەك بەشێکە لە کۆی گشتی گوتار)[9] یاخود زاراوەی گوتار ئەوەیە (هەموو گوتەیەك کە ئاستی رستەیەك تێپەڕێنێ ئەگەر نووسراو بێ یان گۆکراو بێ، بەڵام بەکارهێنانی زاراوەکە، ئەم حاڵەتە بۆ مەدلولێکی تر تێدەپەڕێنێ کە زیاتر دیاریکراوەو پەیوەستە بە تێبینیەکانی فەیلەسوف هـ.ب.غرایس ساڵی ١٩٥٧ کە گوتەکان دەلالەتی نەوتراویان هەیە، کە قسەکەرو بیسەر درکی پێدەکەن، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی دیارو ئاشکرا هەبێت)[10] خوێنەریش بەدوای شاراوەکاندا دەگەڕێت، بەڵام بەبێ چێژو خۆشەویستی دەق زەمینە خۆش ناکرێت بۆ خوێنەر، بۆیە ئارەزوویەکی تەواو لەنێوان دەق و خوێنەردا هەیە کە دەبێتە ئەو چێژە راستەقینەیەی هەڵوەشاندنەوە دەیەوێت.

٢- جیاوازی و دواخستن Differance

سەرەتا ئەبێ ئەوە بزانین کە هەڵوەشاندنەوە دژی هەموو مانایەکی سەرچاوەییە، دەرکەوتن و بوونی ماناش دەکەوێتە ژێر تیشکی پرۆسەی "دواخستن"ەوە، کە شتێکی ڕێژەییە، بۆیەش لە خوێندنەوەی دەقدا راڤەو تەئویلی جۆربەجۆر ڕێپێدراوە، هەموو گوتارێکیش تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر یان لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر. کە لەسەر بنەمای فرەیی و لەمیانەی چەمکی "جیاوازی"دا مانا دەستەبەر دەبێت، لەبەرئەوەی "جیاوازی" چەمکی سەرچاوەیی (المرجعیة) تێکدەشکێنێ و سنووری دیاریکراوی نامێنێ، کە خوێنەر دڵنیایی خۆی لەسەر رابگەیەنێ بۆ گەیشتن بە ماناو فەلسەفەی رۆژئاواش پەنای بۆ دەبرد، بەڵام فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە ئەمجۆرە سەنتەرانە دەهەژێنێ، چونکە مانا لە دیدی "دریدا"وە لە چوارچێوەی "جیاوازی و دواخستن"دایەو دەبێتە فرەمانایی و دەلالەت، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەیە.

رووداوە دالەکان پشت بە "جیاوازی" دەبەستن، بەڵام جیاوازییەکانیش ئەنجامی رووداوی ترن یان بەرهەمی رووداوی ترن، کاتێ مرۆڤ جەخت لەسەر "جیاوازیەکان" دەکاتەوە، دەگاتە ئەو باوەڕەی ئەو جیاوازییانە پشت بە رووداوی پێشووتر دەبەستن، بەوشێوەیە مرۆڤ دەتوانێت لەو لێکدانەوەی خۆی بەردەوام بێت و بەردەوامیش "جیاوازی" بەرهەم دێنێت، بەوشێوەیە ئەو دژەکاریە بەردەوام دەبێت)[11] دریدا ئەو گواستنەوەیە بە "differance"جیاوازی" ناودەبات، فرمانی فەرەنسی differer بەمانای "جیاوازی و دواخستن" (جیادوا) * دێت، هەروەها وشەی "differance" لە فەرەنسیدا بە شێوەی "difference" (مانای جیاوازی) نەبووە، بەڵام بڕگەی دوایی کە پیتی (a) لەخۆدەگرێت، بڕگەیەکە جگە لەو وشەیە، بۆ پێکهێنانی "ناو" لە کردار بەکاردێت، بۆئەوەی کردار بکرێتە "ناو" بەڵام ئەم وشە نوێیەی والێکردووە کە بە مانای "جیاوازی و دواخستن" بێت، بەمجۆرە

---

[8] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٥.

[9] ڕێبین رەسول ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٣.

[10] میجان الرویلي (د)، سعد البازعی (د)، دلیل الناقد الأدبي، ص٨٩.

[11] ڕێبین رەسول ئیسماعیل، جاك دریدا، هەڵوەشاندنەوە، ل٢٣٠.

* جیادوا : جیاوازی و دواخستن.

(difference) بە مانای جیاوازییەکی نێگەتیڤ دێت و مەرجێکە بۆ پێکهێنانی دەلالەت، هەروەها کردارێکی پۆزەتیڤەو دەلالەت لە "جیاوازی" و "دواخستن" دەکات و بەرهەمهێنەری جیاوازی ترە)[١٢].

واتە مانا لای دریدا لەئەنجامی (جیاکاری دالێکەوە بۆ دالێکی ترە، هەموو دالێك جیایە لە دالەکانی تر بە مانای ئەوەیە پەیوەندی و پەیوەستی لەنێوانیاندا هەیە، هەموو (دال)ێکیش لەناو تۆڕی پەیوەندییەکاندا ماناکەی دیاریدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مانای هەموو دالێك بەشێوەیەکی تەواو لە هەر ساتێکدا بوونی نیەو هەمیشە نائامادەیە، هەرچەندە ئامادەیی هەیە، بەم شێوەیە "جیاوازیو دواخستن" (جیادوا)* پێچەوانەی ئامادەو نائامادەیە، بەڵکو پێشیان دەکەوێت)[١٣].

بۆ تێگەیشتن لە چەمکی "جیاوازی" لای دریدا سەرەتا ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ زانای زمانناسی سویسری "فردیناند دی سوسیر" رای وایە کە سەرچاوەی مانا لە زماندا "جیاوازی"یە بۆ نمونە (واژەی "بەلەم" دەربڕی چەمکی شتێکە لەبەرئەوەی جیادەبێتەوە لە وشەی "سەنگەر"و زۆر نیشانەی تریش لە زماندا، بەم پێیە مانا لە ئەنجامی جیاوازی نیشانەکانەوە سەرهەڵدەدات، کە دووبارە جیاوازی دروست دەبێت لەنێوان کۆمەڵێك نیشانەی تری وەك (پالتۆ، تیر)[٤] (شیر،نان،...تاد) یان بە شێوازێکی تر (تیری ایگلتن) دەڵێت (مانا لە نیشانەی زمانی راستەوخۆدا بوونی نیە، چونکە مانای نیشانە لە جیاوازیدایە لەگەڵ شتەکانی تر، بە دەربڕینێکی تر نائامادەیە، لەبەرئەوەی مانا لەناو زنجیرەی نیشانەکاندا بڵاوبۆتەوەو بەئاسانی جێگیربوونی نیە لە هەر نیشانەیەکدا، بەڵکو نواندنی حاڵەتێکی بوون و نائامادەییەکی هەمیشەییە لە هەر ساتێکدا)[٥]، واتە جیاوازی difference ئەو سیفەتەیە کە دەلالەت لە جیاوازی (کات – شوێن) دەکات و دریداش خستوویەتە پاڵ گوتاری ئەدەبی، خوێندنەوەیەك لەگەڵ خوێندنەوەیەکی تر جیاوازە یان خوێنەرێك لەگەڵ خوێنەرێکی تر، بەم پێیە "جیاوازی" کاریگەری "دواخستن"ی مانای تیایە، (دەق)یش دواخستنێکی هەمیشەیی مانایە، چونکە ناگەڕێتەوە بۆ فکرەیەکی یەکگرتوو، بەڵکو گەمەیەکی دەلالی جۆربەجۆرە، بۆیە مانا هەمیشە دوادەخرێ لە گەمەی دالەکانی زماندا، واتە (جیاوازی چەمکێکی شوێنیەو نیشانەکانیش نەسەقێکن لە جیاوازی لەناویدا دابەشبوون، بەڵام "دواخستن" چەمکێکی زەمەنیەو دالەکانیش دواخستنێکی بێکۆتان لە ئامادەبوون)[١٤].

زاراوەی "differance" بنەڕەتی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەیەو لەژێر تیشکی بیری "دریدا"دا بەرجەستە بووە، وەك بوارێکی دەلالی زاراوەکە پێکدێنێ، هەروەك وتمان خەسڵەتی (کات و شوێن)ی تیایە بەڵام لەکاتی دەربڕیندا "difference" دەردەبڕێ و جیاوازی دەخولقێنێ یان پاڵ بە سروشتی زمانی کۆدو ماکی زمانەوە دەنێت، کە خەسڵەتی مێژووییان هەیە.

"دریدا" لە رێگەی ئەم چەمکەوە گوتاری فەلسەفی و ئەدەبی و بیرە میتافیزیکییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش بەهۆی دەلالەتی وشەی "difference"ەوە مانا بەرهەمدێنێ لە رێگەی کردەی نووسین و خوێندنەوەدا، بۆیە (جیاوازی نە وشەیەو نە چەمك)ە بەئاسانی ناتوانرێ ماناو دەلالەتی دیاریبکرێت، زیاتر لێڵی و فرەمانایی پێوە دیارەو بۆتە بەردی بناغەی فەلسەفەی دریدا.

---

[12] جون ستروك، البنوية وما بعدها (من ليفي شتراوس الى دريدا) ترجمة د. محمد عصفور، عالم المعرفة، ٢٠٦، الكويت، ١٩٩٦، ص٢١٩.

[13] عبدالوهاب المسيري (د)، موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية، نموذج تفسيري جديد، دار الشؤون، مصر، ط١، ١٩٩٩، المجلد الخامس، ص٤٣٧.

٤ تيري ايكلتن، مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص١٤٠.
هەروەها بڕوانە: قراءات في الأدب والنقد، الدكتور شجاع المسلم العاني، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩، ص٢٤٢

٥ سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٠.

[14] رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ١٩٩٦، ص١٣٦.

لێرەدا چەند نمونەیەك دەخەینە روو بۆ روونکردنەوەی "جیاوازی" و ئامادەیی، (هەروەك لە کۆجیتوی دیکارتدا هاتووە (من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم) لەنێو پرۆسەی گومانی دیکارتدا مەسەلەیەکی راستە ئەگەر من لەنێو زەینی خۆمدا کاری پێبکەم لەبەرئەوەی وابەستەیە بە بیرکردنەوەی من، مادام منیش بیردەکەمەوە ئەوا بوونی دەبێتە مەسەلەیەکی حەتمی و لۆژیکی سەلمێنراو خودی خۆی بەدیدەکات و خۆی لە حاڵەتی نائامادەگی دەرباز دەکات.

نمونەی دووەم، ئێمە وابیردەکەینەوە، کە چرکەساتی ئێستا، ئەو چرکەساتەیە کە ئامادەیەو ئێستا بوونی هەیە، ئاینده لە داهاتوودا بوونی دەبێت، رابردووش بوونی هەبووەو تێپەڕیوە، بەڵام لە راستیدا ئێمە ناتوانین قسە لەسەر رابردوو و ئاینده بکەین، ئەگەر ئێستا بوونی نەبێت و ئامادە نەبێت، ئەوە ئێستایە کە دەتوانێ رابردوو ئاینده بەیەکەوە گرێ بدات، چونکە رابردوو تێپەڕیوەو ئاینده‌ش پێشبینی ئامادەگی بۆ دەکرێت، کەواتە ئامادەگی ئێستایە وادەکات رابردوو و ئاینده بوونیان هەبێت.

نمونەی سێیەم، پەیوەستە بە بیرۆکەی مانا لەکاتی دیالوگ و وتووێژدا، ئێمە کاتێك قسە لەگەڵ یەکێکدا دەکەین، مانا لەنێو وشیاری قسەکەردا خۆی ئامادە دەکات، بۆیە هەر قسەکردنێك لە سایەی رەمزو ئاماژەوە مانای خۆی هەڵدەگرێت، واتە مانا لەنێو زەینی قسەکەردایە لەکاتی قسەکردندا، ئەوەش مانای ئامادەگی مانا دەگەیەنێت لەنێو پرۆسەی ئاخاوتندا)[15].

هەڵوەشاندنەوە هەڵگری هیچ مانایەك نیە، بەڵکو بریتیە لە (بنیاتی جیاوازییەکان)[16] واتە ئامادەبوونێکی مادی نیشانە نیەو تەنها گەمەی جیاوازییەکانە، سیاق و جیاوازی مانا پێکدێنێ لە رێگەی خوێنەرەوە ئاستەکانی "ئامادە" و "نائامادە" دەچنە بازنەی دیالیکتیکیەوە، چونکە هەموو وشەیەك لە زماندا بەرەو ئاستێکی دەلالیمان دەبات بەبێ ئەوەی مانای دیاریکراوو جێگیری هەبێت، هەموو ماناکان دەچنە خانەی "دواخستن"ەوە لەژێر یاسای جیاوازی دا، واتە پێکهاتەو رەخساندنی مانا بە رای "دریدا" لە رێگای بەردەوامبوونی "جیاوازییەکانە" لە پرۆسەی (نووسین و خوێندنەوە) دا، هەر لێرەشەوە ئاستەکانی "ئامادە" و "نائامادە" (الحضور والغیاب) بەهۆی ئاسۆی جیاوازیەکانەوە دەستەبەر دەبێت و خودی خۆشی دەبێتە ئەسڵ.

بەپێی هەڵوەشاندنەوە هیچ وشەیەك مانای دیاریکراوی نیەو لە نائامادەییەکی بەردەوامدایەو چەندین مانای جیاوازی هەیە، چونکە بنیاتی زمان پێکهاتەی جیاوازیەکانە، خوێنەر ئەبێ بۆشاییەکان بە دەنگ بهێنێ و ئەرکی خوێنەریشە کە دەق تەواو بکات، بەمجۆرە خوێندنەوەش لە شوێن (کارێکی لە توانا بەدەرەو هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی یەکگرتنی جیاوازیەکان)[17] هۆکاری داباریینی راڤەی بێکۆتایەو بەخشینی مانای بەردەوام و جێگیری مانا بەخۆوە نابینێ و هەمیشەش دوادەخرێ لە سستمی "جیاوازی"دا بەمجۆرە مانا لە هەڵوەشاندنەوەدا بەهۆی دوورکەوتنەوەی نێوان دال و مەدلول لە توانا بەدەرە، بەم پێیە (جیاوازی لە دەقدا رووبەرێکی بۆشاییە لەنێوان رەگەزەکانی ئامادەو نائامادەدا درێژ دەبێتەوە پێویستە خوێنەر پردێك لەنێوانیان دروست بکات بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە)[18].

---

[15] جون ستروك، البنویة وما بعدها (من لیفي شتراوس الی دریدا) تحریر د. محمد عصفور، عالم المعرفة، سلسلة کتب ثقافیة شهریة یصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الکویت، شباط ١٩٩٦، ص٢١٦، هەروەها بڕوانە: رێبین رەسول ئیسماعیل، جاك دریدا، هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢١٨.

[16] عبدالله ابراهیم، معرفة الآخر، مدخل الی المناهج النقدیة الحدیثة، بیروت، ١٩٩٠، ص١١٩.

[17] عبدالله محمد الغذامي، (د) المشاکلة والاختلاف، قراءة في النظریة النقدیة العربیة وبحث في شبیه المختلف، المرکز الثقافي العربي، بیروت، ط، ١٩٩٤، ص١٩.

[18] یوسف وغلیسي (د)، اشکالیة المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨، ص٣٦٣.

لەسەر بنەمای جیاوازی دالەکانە، مەدلولی جیاواز بەرهەمدێنێ و زمانی نووسین پێش ئاخاوتن دەخات یاخود نووسراو پێش وتراو دەخات.

"جیاوازێ" فۆرمی دوانەیی بەرامبەر یان دژ وەردەگرێ (خێر – شەڕ، سروشت – شارستانی) پەیوەندی دال و مەدلول لەم دوانە لێکدژانەدا لە شێوەیەکی باودایەو مەنتقی نیە، جیایە بەپێی جیاوازی سیاقەکەی، بەم پێیە مانای ئەدەبیش یەك مانای دیاریکراوو ئاشکرا نیەو دەکەوێتە بەردەم جۆرێك لە جیاوازی نەك گردبوونەوە.

٣- دەق و دەقاوێزان

روخسارگەری رووسی لە سالانی (١٩١٥، ١٩٣٠) سەریهەڵداو ئەدەب وەك سستمێکی زمانی و سیمولوژی سەیردەکراو (لێکۆڵینەوە لە سستمی نیشانەکان و چۆنیەتی دەلالەت) بووە و رەنگدانەوەی واقیع نەبووە، یاخود دیاردەیەکی سیمولوژی بووەو داوای سەربەخۆیی ئەدەبیان کردووە، واتە بابەتی ئەدەب، ئەدەب نیە، بەڵکو ئەدەبیەتە)[19].

روخسارگەران لەئەنجامی (کۆششی دوو کۆمەڵەی ئەدەبیی پێکهاتووە، یەکەمیان ئەڵقەی زمانەوانی مۆسکۆ، کە لەساڵی ١٩١٥ دروستبووە، یاکۆبسن یەکێك بووە لە پێشەنگەکانی، دووەمیان ئەڵقەی سان بترسبۆرك– لینینگراد بووە، هەندێ جاریش بە ئوپویاز Opoioz ناوبانگی دەرکردبوو، زۆرینەی ئەندامەکانی خوێندکارانی زانکۆکان بوون) [20]،زیاتریش (بایەخیان بە لێکۆڵینەوەی فۆرمەکانی دەنگ و بنیاتی زمان ئەدا)[21].

ئەم حاڵەتەی ئەدەب لای روخسارگەرەکان، کە ئەدەب وەك سستمێکی زمانییو سیمۆلۆژی سەربەخۆ سەیرئەکرا، بەڵام لای رەخنەگرانی دوای بونیادگەری بەتایبەتی لای هەڵوەشاندنەوە بە بەردەوام رەتدەکرایەوە، چونکە رەخنەی ئەورووپی نوێ هەمیشە جەختی لەسەر سیاقی دەروونی و مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئەدەب دەکردەوە، بەم شێوەیە (دەقاوێزان)یش لە رەخنەی هاوچەرخدا جەختی لەسەر سەربەخۆیی دەقی ئەدەبیی دەکردەوە، زاراوەکەش "دەقاوێزان" لەرەخنەی ئەوروپیدا بۆ "جولیا کریستیڤا" ی بولغاری و بەرەگەز فەرەنسی دەگەڕێتەوە، یەکەم کەسیش بووە زاراوەی "دەقاوێزان"ی "intertextulity" لە ساڵی ١٩١٦ بەکارهێناوە)[22].

جولیا کریستڤا سوودی لە رەخنەگری رووسی "باختین" (Bakhtine) وەرگرتووە، کاتێ ئاماژەی بۆ مەدلولی دەقاوێزان بە زاراوەیەکی جیاواز دەکات، کە دیالۆگ دەگەیەنێ و دەلالەت لەبەیکداچوونی دەقەکان و واژەکان دەکات لە دەقێکدا)[23] دواتر کریستیڤا گەشەی پێداوەو رۆڵی گرنگی رەخنەیی بینیوە.

وشەی "intertextulity" بە دەقاوێزان (تناص) ناوبراوەو هەندێ جاریش بە نێوان دەقی (البینصیة) بەڵام ئەوەی زیاتر لە زاراوەکەوە نزیك بێت لە زمانە بنەڕەتیەکاندا ئاماژە بۆ (نێوان inter و دەق Text) (بین inter، نص Text)، کە راسترو روونتر (نێوان – دەق)، (بین – نص) جیاوازە لە دەقێتی Textulity)[24] کە دەقێتی بەمانای دەقی ئەدەبی بەرهەمێکی داخراوەو ئەو نەسەقەیە کە شیکردنەوەو راڤەکردن لەژێر تیشکی

---

[19] محمد عزام، تحلیل الخطاب الأدبي، على ضؤ المناجح النقدية الحديثة، ص٥٧.

[20] عەلی تاهیر حسین (د) رەخنەی بویناوگەری لە تیورەوە بۆ پراکتیك، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی چاپی یەکەم ٢٠٠٨، ل ٥٦.

[21] سمير سعد الحجازى (د) نظريات المعاصرة في تفسير الأدب، النظرية والتطبيق الافات العربية، القاهرة، ط١، ٢٠٠١، ص ٧٦.

[22] عزالدين المناصرة، علم التناص المقارن، نحو منهج عنكبوتي تفاعلي، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ط١، ٢٠٠١، ص١٣٨.

[23] بشير تاوريريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا – دمشق، ط١، ٢٠٠٨، ص٥٩.

[24] عبدالعزيز حمودة (د)، المرايا المحدبة من البنوية الى التفكيك، ص٣٦١.

پەیوەندییەکانی ناو دەقە، بەڵام نێوان دەقی (بينصية) دژی ئەم حاڵەتەیەو (دەق پێکهاتەیەکی کۆتایی و داخراو نیە، بەڵکو هەڵگری جێکەوتی دەقی ترە)[٢٥]، لێرەوە خوێنەرو ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر پێکهاتەی پێکدەهێنن و دەبێتە بوونەوەرێکی گۆڕاو و دیالوگ دەسازێنێ لەنێوان بەرهەم و خوێنەردا) بەم شێوەیە دەقاوێزان (نێوان دەقی) بنەمای سەرەکی بێکۆتایی مانایە لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا.

واتە حاڵەتی دەقی ئەدەبیی وەك حاڵەتی کەرنەڤاڵێك وایە، کە ڕۆشنبیرییەکانی تیا کۆدەبێتەوەو تێکەڵیان دەبێت، زاراوەی دەقاوێزان حاڵەتی دیالوگ وەردەگرێ، فرەدەنگیی و بەیەکداچوونی پەیوەندییەکانە، ڕەتکردنەوەی فکرەی دەقی داخراوە، دواتریش ئەم زاراوەیە چووەتە ناو بونیادگەری فەڕەنسی و سیمۆلۆژیاو هەڵوەشاندنەوە، بەتایبەتی لە نووسینەکانی جولیا کریستیڤا، رولان بارت، تۆدوروف و زۆری تریش کە لەناو ڕەخنەگراندا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە، پرۆسەیەکە لەنێوان دەق و نووسەردایە بەشێوەیەکی ئاگایی و بێئاگایی، یان بەپێی مەودای ڕۆشنبیری دەق و نووسەر یان دەق و خوێنەر، پێکهاتەکەشی کارتێکردنی نێوان دەقەکانە.

"جولیا کریستیڤا" رای وایە، کە (دەق بریتیە لە کۆمەڵێك وەرگرتن، هەموو دەقێکیش خواستن و گواستنەوەی دەقەکانی ترە)[٢٦] یاخود "لیتچ" رای وایە کە (دەق خودێکی سەربەخۆیەو مادەیەکی یەکگرتوو نیە، بەڵکو زنجیرەیەك پەیوەندیە لەگەڵ دەقەکانی تردا)[٢٧] واتە دەق پێکهاتەو بەیەکداچوونی دەقەکانی ترە، هیچ سنورێك لەنێوان دەقێك و دەقێکی تردا نیە، ماناو دەلالەتکان بەپێی خوێنەرو زەمەن و شوێنە، زۆرجار نووسەر یان شاعیر لە کات و ساتی نووسین و بەرهەمی نوێدا لە یادەوەری و کارو بەرهەمەکانی پێشووی شتەکان وەردەگرێت، یاخود نووسەر لە بەرهەمی جیاوازو لە دەرەوەی خۆی وەردەگرێت و دەقەکەی پێ تەواو دەکات و پێی دەوترێت "دەقاوێزان" و بەپێی جۆری یاساو میکانیزم جۆری دەقاوێزان دیاریدەکرێت.

هەروەك وتمان "دەقاوێزان" پێکهاتەیەکی تایبەتی دیالۆگەو گەڕانە بەدوای مانای "نائامادە"دا، لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی زمان و زەمینەی جیاوازەوە پێکدێت، بۆیە "دریدا" وا (دەڕوانێتە دەقەکان پێویستی و پێکهاتەی زیاد لە گوتاری تاکەکەسیە، واتە خود لەناو دەقەکاندا بەدوای دیالۆگی خودەکانی تردا دەگەڕێت، لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوەی جیاواز بەرهەمدێنێ)[٢٨] واتە ئەو مانایەی کە خوێنەر دەیەوێت بەرهەمی بهێنێت شتێکی ئامادەو ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو ئاماژەکان دەبنە بنیاتی نوێ و مەدلولی جیاواز دەبەخشن لەناو دەقدا، بەمجۆرە "دەقاوێزان" دەق بەرەو دەلالەت دەبات و دەرهێنانی ئەو دەلالەتەش پەیوەستە بە زەمینەی ڕۆشنبیری و مێژوویی خوێنەرەوە، هەروەها بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی (گەیاندن)ە لەلایەکی تریش شکاندنی نێوان شارستانیەکانەو نووسەریش بەرجەستەی سۆزو بۆچوونەکانی تیا پیادە دەکات، لەمیانەی پەیوەستبوونی رابردوو بە ئێستاوە، چونکە دەق وەرگری جیهانی دەقەکانی ترە.

هەر وەك لەم نموونانەی خوارەوە ، بەشێکی کەم لە وێنەکانی دەقاوێزان ڕووندەکەینەوە و دوو دەقی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی نیشان دەدەین ، کە بنیاتی دەقەکانی بە سەرچاوەیەکی دەرەکی پێکهێناوە ، ئەویش پێی دەوترێت دەقاوێزان : هەروەك دەبینین :

منداڵەکانی ڤاتیکان
ڕۆژێ لە "پاپا "بپرسن
گەلێك هەیە بە ناوی کورد

---

[25] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٢.

[26] محمد عزام، النص الغائب، تجليات التناص في الشعر العربي، منشورات اتحاد الكتاب الوب، دمشق، ٢٠٠١، ص٢٩.

[27] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.

[28] بشير تاوريريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٦٤.

**خاکێك بە ناوی کوردستان ........[29]**

**یا خود دەڵێت :**

**بەڵێ گیانە ژیان وایە کەسێ گەر خەم نەبێ نابێ**

**کەچی تازە دێوانەی دڵ ، گەر بە باڵای شەم نەبێ نابێ .......[30]**

**شاعیر پەنای بردووە بۆ دوو سەرچاوەی دەرەکی بەمەبەستی پێکهێنانی دەقاوێزان ، لە ژێر یاسای ( دووبارە ) دا ، بە مانای ئەوەی دوو دەقی ( نائامادە ) ی هێناوە کە بریتین لە ( پاپا ) ، ( وەلی دێوانە – شەم ) ، لە یەکەمدا هێمایەکی گەورەی ئایین و مەسیحیەتە ، لە دووەمیشدا شاعیرێی میللی کوردە ، بە بێ ئەوەی هیچ پەیوەست بوونێکی مەنتیقی هەبێت لە نێوان (دەقی نائامادە و دەقی ئامادە ) دا ، کە بە شێوەیەکی دووبارە هاتوونەتە ناو دەقی تازەوە و جۆرێك بە یەکدا چوونیان درووستکردووە ، بە مانای فۆرمی دەقێك کە هاتووەتە ناو دەقێکی ترەوە و جۆرێك حاڵەتی کریستاڵی راگەیاندووە و دیالۆگی رەخساندووە و بەشدارییان کردووە لە شیعریەتی دەقی نوێداو داهێنانێکی نوێیان خوڵقاندووە، ئەویش لە رێگەی نوێکردنەوەی دەقی پێشوو( نائامادە) ، لە رووی دەلالیشەوە جیهانبینێکی نوێیە ، چونکە لە یەکەمدا ( پاپا ) نیشانەی راستی و خۆشەویستییە ، تەنها کەسێکە و بە فریادرەسی دەزانێ بۆ میللەتەکەی لەسەردەمێکی ناعەدالەتییدا و لە لایەکی تریشەوە ، واتە لە دەقی دووهەمدا تەنها خۆشەویستی ە بووبێ لە سەردەمی مێژوویەکی کۆندا خۆشەویستی ( وەلی دێوانە و شەم) ە .**

**پرسیارەکە ئەوەیە لە دەقی یەکەمدا شاعیر بۆچی نامەیەك ئاراستەی مناڵەانی ڤاتیکان دەکات بۆ چیش لە مرۆڤدا ( منداڵ ) ی هەڵبژاردووە ، دەلالەت لەوەش دەکات کە زۆر نامەی لەوجۆرە لای کوردو نەتەوەکانی تر ئاراستەی چەقی مرۆڤایەتی کۆمەڵی مرۆڤەکان کراوە ، بەڵام بە بێ سوود بووە ، ئەمجارەیان شاعیر نامەکەی لە ساڵی (١٩٨٦) لە گوندی دارەشمانەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە لە سەردەملای گەورەترین دیکتاتۆری ئەم دنیایە دەنێرێت ، تا مناڵەکانی ڤاتیکان ( پاپا) بە ئاگا بهێنێتەوە ، کە گەل و خاك و مناڵی تریش هەیە بە ناوی گەلی کوردو خاکی کوردستان ، تەنها داواکەش ئەوەیە ئەو گەلە ( بژی وەکو ئینسان ) چونکە تەنها ئەوە هیچ ناسنامەیەکی نییەو دەیەوێت بژی ، بەڵام ئەوەش ڕادەگەیەنێت کە ئەم گەلە لەگەڵ بوونی سرووشتدا نموونەی تێکۆشان بووە .**

**زیاتر ئەو بۆچوونانەی کە دەقاوێزان هەڵوێستەیان لەسەر دەکات و بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبی کۆن، خۆی لەم چەند سەرنجەدا دەبینێتەوە:**

**١- بوونی دەق لەویتردا.**

**کاتێ "جیرار جینێت" باس لە پەیوەندی و بوونی دەقەکان لەگەڵ یەکتردا دەکات بەشێوەیەکی ئاشکراو نهێنی زیاتر مەبەستی بەیەکداچوونی دەقەکانە Intertextulity، بەمەبەستی (بوونێکی زمانیی رێژەیی لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر بەشێوەیەکی کەم یان زۆر)[31]، لەگەڵ ئەوەشدا "رولان بارت" وایدەبینێ، کە ئەم بوونە زمانییە وا لە دەق دەکات کە لە ئەنجامی تۆڕێك لە وەرگرتن و گۆڕین و دەنگیی زمانە رۆشنبیریەکانی پێشتر یان هاوچەرخ بێت)[32] بەمجۆرە دەقاوێزان پێکهاتەی دەقەکانی ترە بە ئاستێکی جیاواز لە فۆرم و دەقە رۆشنبیریەکانی پێشوو، هەروەك رەخنەگران "تۆدوروف" و "کریستیڤا" سەرنجیان بۆ راکێشاوەو پێشتریش "باختین" بەشێوەیەکی ئاگایی و بێئاگیی ئاماژەی پێکردووەو دەقاوێزانیان دابەشکردووە، بە دوو بەش (دەقاوێزانی بەئاگاو**

---

29 دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، بەرگی یەکەم ل ٢٣٢.

30 سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٣٦ .

31 جیرار جینیت، مدخل جامع النص، ترجمة عبدالرحمن ایوب، دار تویقال، الدار البیضاء، ط٢، ١٩٨٦، ص٩٠.

32 رولان بارت، درس السیمولوجیا، ص٦٣.

بێئاگا) ئەوەی لە شێوەی بەئاگادا بێت بریتیە لە (وەرگرتن، دزی، ناواخن)، حاڵەتی بێئاگایش بریتییە لە (یادەوەری ویژدانی داهێنەر بێ ئەوەی هەستی پێ بکات).

٢- دەق سروشتێکی بەرهەمهێنەرە.

ئەوەی "جولیا کریستیڤا" ئاماژەی پێدەکات ئەوەیە، کە دەقی سروشتێکی بەرهەمهێنەرو بەیەکداچوونی دەقەکانە، دەق بنیاتێکی داخراو نیە، لە فەزایەکی دیاریکراوی دەقدا واژەکان یەکتر دەبڕن و لە دەقی تردا بەیەکتر دەگەن)[٣٣] ئەم زاراوەی دەقە سیفەتێکی بەرهەمهێنانی تیایە هەموو دەقێکیش لەدایکبووی چەند دەقێکی ترە بەمانای ئەوەی جیاوازن لەیەکتری و بەپێی گۆشەنیگای جیاوازی خوێنەران جیهانبینی دەدرێتە دەق.

٣- دەق تابلۆیەکی کریستاڵیە.

"کریستیڤا" رای وایە کە هەموو دەقێك پێکهاتەی تابلۆیەکی رەنگاورەنگە لە وەرگرتن، هەموو دەقێك هەڵمژین و بنیاتنانەوەی دەقەکانی ترە بە تەکنیکی جیاوان)[٣٤] ئەم حاڵەتە چەمکێکی گشتیە بۆ دەقاوێزان کە "کریستیڤا" وەك تابلۆیەکی رەنگاورەنگ دەیبینێ فرەیش بە سروشتێکی جیاواز تیا چڕدەبێتەوەو دەردەکەوێ، بە هەموو جۆرەکانی نووسراو و بینراوو لە حاڵەتی جێگیری و جوڵەدا.

٤- دیالۆگ dialogism

"باختین" بەجۆرێك سەیری کاری ئەدەبیی دەکات، کە هەموو گوتارێك لەسەرەتاوە تا کۆتایی شێوەیەك لە دیالوگی تیا بەدیدەکرێت، یاخود هەموو فکرەیەکی مرۆڤ لە رێگەی بەیەکداچوونەوە دەبێتە فکرەیەکی راست و دروست و لەگەڵ دەنگەکانی تردا بەرجەستە دەبێت. ئەم حاڵەتە بۆ "کریستیڤا" چەمکێکی بنەڕەتی بووە بۆ بنیاتنانی تیۆرەکەی لەسەر بنەمای گریمانەی دیالوگی هەمیشەیی لەنێوان دەقە جیاوازەکاندا، هەروەك "تۆدوروف"یش هاوڕایەو (هەموو گوتارێك بەمەبەست یان بەبێ مەبەست لەگەڵ گوتارەکانی پێشووتردا دیالوگ پێکدەهێنێ زیاتریش ئەو گوتارانەی دوابەدوای یەکتردا دێن)[٣٥] واتە دروستکردنی پەیوەندیە لەنێوان دەربڕینێك بۆ دەربڕینێکی تر یان لەنێوان دەربڕینەکاندا کە "باختین" پێی دەڵێت dialogism و گرنگترین دیاردەیە لە دیاردەی واژەکان و مەودایەکی دەقاوێزانی تیایە intertextulity.

٥- دەقی پۆلیفونی polyphone

ئەم زاراوەیە لای "باختین" تایبەت بووە بە جۆرێك بۆ هونەری رۆمان، حاڵەتە پۆلیفونیەکە ئاراستەی دەنگەکانی رۆمان بەرەو ئاقارێك دەبات، کە دیدو بۆچوونی کەسایەتییە جیاوازەکانی ناو رۆمان هاوڕا نەبن، دەربڕین و هۆشیارییان لەگەڵ هۆشیاری نووسەردا یەکنەگرێتەوە، بەڵکو (سەربەخۆیی تەواوی خۆیان دەپارێزن، کە بەتەنها دەنگی نووسەر نیە، بەڵکو دەنگی خودە کاراکانی ترەو دەلالەتی راستەوخۆیان هەیە)[٣٦]، بۆنمونە لەناو رۆمانەکانی "دیستوفسکی"دا کەسایەتیەکان وێنەی تایبەت و دەنگی تایبەتیان هەیەو سروشت و رۆڵیان دیاریکراوەو شێوەیەکی دیالۆگیان تیا بەدیدەکرێت، هەربۆیەش مامەڵەکردنی رەخنەگرانی نوێ لەگەڵ دەقەکاندا مامەڵەیەکی پۆلیفونی بووە، نەك نووسینێکی یەك ئاڕاستەیی، ئەم حاڵەتەش لای "باختین" و "بارت" ئاماژەی پێکراوە، کە لە سەرەتاوە باختین جەختی لەسەر کرانەوەی دەقەکان کردۆتەوە، هێڵێکی گەشەسەندووی بەرهەمهێنەری خستۆتە گەڕ.

---

[33] جولیا كريستيفا، علم النص، فريد الزاهي، دار توبقال، الدار البيضاء، ١٩٩٧، ص٢١.

[34] ميجان الرويلي (د)، سعد البازعي (د)، دليل الناقد الأدبي، ص٢١٣.

[35] تزفيتانت تودوروف، المبدأ الحواري، ترجمة فخري صالح، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط١، ١٩٩٢ ص٨.

[36] رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ص٣٣.

فراوانبوونی بازنەی دەقاوێزان لەکاتێکدایە، کە خوێنەر وەك بەرهەمهێنەری دەق سەیر دەکرێت و خوێندنەوەکانی هاوکارو یارمەتیدەری بازنەی دەقاوێزان، چونکە بە رای رەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە، دەق بریتیە لە پێکهاتەی بەیەکداچوونی دەقەکان و گەمەی دالەکان، کە زەمینەی مانای نائامادەن و دژی راستەوخۆی مانایە، داهێنانیش لە رێگەی مانای راستەوخۆوە نایەتەدی، بەڵکو لە نائامادەیی ماناوە پێکدێت، کە لەم حاڵەتەدا هەروا بەئاسانی دەقی ئەدەبی نایەتەدی، چونکە دەبێتە بەشێك لە رابردوو و ئێستا، ئەمەش لە رێگەی پرۆسەی خوێندنەوەدا بەرجەستە دەبێت.

بۆیە خوێنەرانی هەڵوەشاندنەوە بەدوای دەقاوێزانی دەقەکاندا دەگەڕێن و دەچنە قولایی و ماناو خوێنەریش لەناو دەقدا بەرەو ئاستەکانی دەلالی دەبات، بەمجۆرە چەمکی دەقاوێزان لای رەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە، چەمکێکە دژی "دەقێتی" لە بونیادگەریدا، کە دەقی ئەدەبی بەلایانەوە دەقێکی داخراوە یان نەسەقێکی کۆتاییەو شیکردنەوەو راڤەکردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی پەیوەندییەکان و یەکەکانی ناوەوە، کە پێی دەوترێ نەسەقی بچوك (دەق)، بەڵام دەقاوێزان دژی ئەم حاڵەتەیەو دەقیش لایان پێکهاتەیەکی داخراوو کۆتایی نییە، بەڵکو هەڵگری جێکەوتی دەقەکانی پێشووترە، یان بە دەربڕینێکی تر هەڵگری جۆری رۆشنبیریە.

**بەشی دووەم:**

١- زانستی نووسین Grammatology

زانستی نووسین وەك ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە زیاتر رووبەڕووی میتافیزیکای "ئامادەبوون" دەبێتەوە، کە ماوەیەکی زۆرە هەژموونی خۆی بەسەر سستمی فەلسەفەی خۆرئاوادا کێشابوو، هەر لە سەردەمی "ئەفلاتوون"ەوە تا دەگاتە هایدگەرو بەهۆی لۆگۆسەنتەریزمەوەو "logocentrism" لەسەر بنەمای فۆنۆسەنتەریزمەوە "phoncentrism" گرنگی بە "ئاخاوتن" ئەدا پێش "نووسین".

"دریدا" ئاماژە بە "زانستی نووسین" دەکات، کە وەك هێڵێکی زانستی ئاراستەی میتافیزیکا دەکرێت و رەخنەی لێدەگرێت، دڵنیاشە لەوەی کە "ئاخاوتن" زەمینەیەکی میتافیزیکی گەورەی زانستی و تەکنیکی و ئابوری خۆرئاوایەو لە زەمەنێکی دیاریکراودا بەسەردەچێ)[٣٧].

لە میتافیزیکای ئامادەدا عەقڵ سەنتەری شتەکانەو لەسەر بنەمای فۆنۆسەنتەریزمەو بەمانای ئەوەیە "ئامادەیی" لە ئامادەی دەنگدا کورت دەکرێتەوەو مانای "بوون" دیاریدەکات لەبەرئەوەی ئامادەیە، چونکە دیاریکردنی ماناو چەمك و دەلالەت، بەردەوام لە لۆگۆسەنتەریزمەوە سەرچاوەی گرتووەو (پێوەندی و بنەڕەتی و بنچینەیی لۆگۆس بە دەنگ – فۆنەتیك – هەرگیز نەپچڕاوە، چونکە لە جەوهەردا، دەنگ لایەنێکی هزرە، لەبەرئەوەی هزریش بە مانا عەقڵیەکەی بۆخۆی لۆگۆسە، کەواتە لۆگۆس لە سایەی دەنگەوە ماناو دەلالەت دیاریدەکات و بەرهەمدێت)[٣٨]، کە ماوەی ئامادەیی بوون دەگەیەنێت، ئەو (بوون)ەش دریدا بە میتافیزیکای ئامادە ناوی دەبات، کە فکرەیە، بۆیە دریدا سەبارەت بە میتافیزیکای ئامادە دەڵێت (بریتیە لە دیاریکردنی "بوون" بەو شێوەیەی کە ئامادەیە، دەکرێ ئەوە روونبکەینەوە کە هەموو ئەو وشانەی پەیوەستن بە بنەماو پرەنسیپ و سەنتەرەوە، بە بەردەوامی بە "ئامادە" ناوبراون، جا ئەوە ناوی (جەوهەر، بوون، مادە، خود، مەدلولی باڵا، وشیاری، ویژدان، خوا، مرۆڤ بێت)[٣٩].

---

[37] هبرماس، القول الفلسفي للحداثة، ترجمة د.فاطمة الجيوشي، المنشورات وزارة الثقافة، سورية – دمشق، ١٩٩٥، ص٢٥٩.

[38] رێبین رەسول ئیسماعیل، جاك دریدا، هەڵوەشاندنەوە، ل١٨٧.

[39] جون ستروك، البنوية وما بعدها (من ليفي شتراوس الى دريدا) ، ص٢١٥.

وشەی دەربڕاو (دەنگ phone وشەیەکی دەرەکی نیەو توانای خۆسڕینەوەی هەیە، هەروەك دەزانین، کە وشەی دەربڕاو، وێنەیەکی دەنگیەو (بیستراو) کارنامەکەی ئامادەکردنی چەمکە، کە نوێنەرایەتی وێنەیەکی دەنگیی دەکات، هەروەها وشەی دەربڕاو یان وێنەیەکی دەنگی لەکاتی ئامادەکردنی چەمکدا وندەبێ)[40].

هەروەك وتمان "دال" وێنەیەکی دەنگییەو لەکاتی ئامادەکردنی چەمکدا خۆی دەسڕێتەوە، بەم پێیە "دال" وشەیەکی دەنگییەو "مەدلول"یش چەمکە بۆیە "دال" وشەیەکی دەربڕاوە لەکاتێکدا کە وشەی دەربڕاو "دال"ەو وشە نوسراوەکەش دالی دالەکەیە بە لاوەکی دەژمێردرێت بۆ وشەی دەربڕاو بۆ نمونە کاتێ (چەمکی "گوڵ" ئامادە دەکەین پێویستە دەنگی "گوڵ" دەربڕم، بەم پێیە "گوڵ" دالەو وێنەیەکی دەنگیە یان وێنەیەکی بیستراوە، بەڵام کاتێ دەمەوێت وشەی "گوڵ" بنووسم تەنها نوێنەری وێنە دەنگیەکەیە لەمیانەی بونیادی "نووسین" دایە graphic structure، ئەم وێنە نووسراوەش پەیوەندی بە هیچ چەمکێکەوە نیە، تەنها وێنەیەکی نووسراوەییەو ناتوانێ نوێنەری ئەو چەمکە بکات لەبەرئەوە بونیادی بینراوەیی وێنەیەکی دەنگیە ئامادەکردنیشی بەو پاساوە کۆنانە کە پێگەیەکی لاوەکی دەدەن بە وشەی نووسراوو پێگەیەکی سەرەکیش دەدەن بە وشەی دەربڕاو (ئاخاوتن – وتراو) پاساوێکی میتافیزیکی و لاهوتیە)[41].

رەخنەگری فەرەنسی "جاك دریدا" لە بواری رەخنەو هەڵوەشاندنەوەی فکری خۆرئاوا رۆڵێکی سەرەکی هەبووەو رەخنەشی لە فکری فەلسەفەی "سوسیر" گرتووە، کە لە بازنەی لۆگۆسەنتەریزمدا بووە.

"دریدا" جەختی لەسەر "نووسین" کردۆتەوە نەك "ئاخاوتن" کە دوو تەوەری سەرەکی بوون لە بەرهەمهێنانی ماناو دەلالەت، کە لە ساڵی ١٩٦٧ کتێبی (گراماتۆلۆژیا – زانستی نووسین)ی بڵاوکردەوە، بانگەشەیەك بووە بۆ چاوپێداخشاندنەوەی رۆڵی "نووسین" و هەڵگێڕانەوەی هاوکێشەی (ئاخاوتن – نووسین).

ئەفلاتوون رای وابوو، کە (نووسین لە جەوهەردا شتێکی خراپەو دەرەکیەو زانست بەرهەم ناهێنێ و رووکەشە)[42] بەم پێیە "نووسین" زیانبەخشەو ناجێگیری مانایەو راستیەکان دەشێوێنێ.

دەسەڵاتی میتافیزیکای ئامادەی "ئاخاوتن" سەنتەریزمی دەنگ پەسندەکات و ئامادەیی هەیە لە فکری خۆرئاوادا، بۆیە دەبینین "دریدا" (ئەو دەسەڵاتە بەراورد دەکات بە باوك کە بەردەوام گومان لە نووسین دەکات و چاوەدێری دەکات)[43] واتە ئامادەیی تایبەتمەندیەکی دیاردەگەرایی (فینومینولۆژیا) "هرسرل"ی تیایە، ئامادەبوون لە رێگای "ئاخاوتن"ەوە دەردەبڕێ و لەسەر بنەمای هۆشیاریە کە لە ساڵی خۆیدا ئامادە دەبێت و شتێك بەرجەستە دەکات کە لەگەڵ "مانا"دا یەکانگیر دەبێ و وشەکانیش بیرۆکەی "ئامادە" هەڵدەگرن.

تزیفیتان تودوروف، سەبارەت بە "نووسین" دەڵێت "نووسین" دوو مانای هەیە، واتە بەپێی مانای وشەکە بە مانای (سستمی نەخشێنراوی زمانی نووسراو) بەڵام لە رووی مانای گشتیەوە ئەوەیە کە (هەموو سستمێکی شوێنی و دەلالی بینراو دەگرێتەوە)[44] هەروەها "جوناسان کیلەر" جەخت دەکاتەوە کە (نووسین زنجیرەیەك نیشانەی بینراوەو کاردەکات بەبێ ئامادەیی قسەکەر)[45] بەپێچەوانەی "ئاخاوتن"ەوە کە لە سستمی مادی نیشانەکاندا بەرجەستە دەبێ بەڵام "ئاخاوتن" لە دەنگدا، کە نووسین بینراوەو دەبینرێ جیادەبێتەوە لە "ئاخاوتن"و ئامادەیی قسەکەری تیا نیە.

---

[40] س. رافیندران، البنویة والتفکیکیة، ترجمة خالدة حامد، دار الشؤون الثقافیة العامة، بغداد، ط١، ٢٠٠٢، ص١٤٢.

[41] سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٣

[42] بیرف، زیما، التفکیکیة، دراسة نقدیة، تعریب اسامة الحاج، المؤسسة الجامعیة للنشر والتوزیع، بیروت، ط١، ١٩٩٦، ص٥٨. هەروەها بڕوانە: هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی رێبین رەسوڵ ئیسماعیل، پێداچوونەوەی ئازاد صوبحی، ل٥٣.

[43] عبدالله ابراهیم، معرفة الآخر، ص١٣٢.

[44] سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٢

[45] Jonathan Culler. On deceonstruction Theory and criticism after structuralism. P.19.

بەم پێیە "نووسین" ئامادەییەکی ڕاستەوخۆی قسەکەر نیەو نیشانە نووسراوەکان جیاوازن لەگەڵ ئەو دەنگانەی کە لە هەوادا پێکدێن و هیچ تایبەتمەندییەکی مانەوەیان نیە، ئەگەر تۆمار نەکرێن هەربۆیە (فەیلەسوفەکان ڕقیان لە نووسین بووە چونکە دەترسن لەوەی کە دەسەڵاتی حەقیقەتی فەلسەفە بڕوخێنێ)[46] واتە هۆکاری ناڕاستەوخۆیەو حاڵەتی نائامادەیی ماناو قسەکەرە.

"نووسین" هەڵگری زمانی ئامادەو پێشینە نیە، بەڵکو یەکەکانی زمان بەرهەمدێنێ و داهێنان بەرجەستە دەکات، "دریدا" ئاماژە بە دوو جۆر "نووسین" دەکات، یەکەمیان (ئەو نووسینەیە کە لەسەر بنەمای ناوەندێتی عەقڵەو وشە ئامرازێکی دەنگی – ئەبجەدیە ئامانجی گەیاندنی وشەی وتراوە) دووەمیان (نووسینی ڕێزمانی (سێنتاکسی) یان دوای بونیادگەری، کە پرۆسە سەرەتاییەکەی (زمان) بەرهەمدێنێ، بۆیە "نووسین" دژی وتراوەو نوێنەری دەنگ نیە. (بوون)یش بەبێ نووسین مەحاڵە، ئەویش چوونە ناو زمانی جیاوازیەو بەدەنگهێنانی بێدەنگیانە)[47] واتە جیاوازی بەرەنگاربوونەوەی پێکهاتە دەلالیەکانی ئاخاوتنە بۆیە نووسین ئامادەبوونێکی پێشینەیی مانا نیە.

دوانەییەکانی زانای سویسری فردیناند دی سوسیر، زمان – ئاخاوتن، نووسین – دەنگ (ئاخاوتن) بوونە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە زمانیەکانی دریدا خودی خۆشی ئاماژە بەوە دەکات کە (وەکیەکی نیە لەنێوان وشەو چەمکەکاندا، ئەگەر وانەبێ چۆن زمانە جیاوازەکان دەبینرێن)[48] بەکورتی (زمان نوێنەرایەتی شتەکان ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی چەمکەکان دەکات، دەنگی واژەی دەربڕاوی دار، ئاماژە بە دارێکی مادی و دیاریکراو ناکات بەڵکو ئاماژە بۆ چەمکی "دار" دەکات)[49] بەم پێیە "دریدا" ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی پەیوەندی نێوان نیشانەو نیشانەبۆکراو دەکات و گرنگی بە "نووسین" دەدات نەك ئاخاوتن.

"دریدا" دوای چەندین لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاندنەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەموو ئەو بەڵگەو بۆچوونانە ڕەتدەکاتەوەو "نووسین" پێش "ئاخاوتن" دەخات، ئەوەشی خستە ڕوو ئەگەر (ئاخاوتن چوارچێوەی ئامادەبوون بێت ئەوا "نووسین" نائامادەیی و جیاوازی و فرەییە)[50] لەمیانەی (نووسین)یشدا وەك ئامانجێك جێکەوت (الأثر) بەدوای خۆیدا دەهێنێ. بەمجۆرە شیکردنەوەو جەخت لەسەر بەهاو گرنگی دەق دەکاتەوە، دەبێتە تەوەرێك بۆ تێڕوانین و دۆزینەوەی نائامادەیی دەق.

خودی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە گەمەی ئازادی مەدلولەکانە لەناو نەسەقی زمانیی داخراودا، کە مەبەست لە خودێتی نەسەقی زمانیی سەربەخۆ لە بونیادگەریدا، بەڵکو باس لەو داخراوییە دەکات کە دەبێتە شاردنەوەی مەدلولی دالەکان، وا لە دالەکان دەکات کە ئاماژە بۆ مەدلولی شاراوە بکەن و لە کۆتاییشدا دالەکان دەگۆڕێن بۆ مەدلولی تر، واتە زمان دەبێتە دال و ئاماژە بۆ دالی تر دەکات، لە هەڵوەشاندنەوەدا داخستنی زمان بەسەر خۆیدا، دریدا مەبەستی لە گراماتولوجیایە، وەك دەڵێت (ناتوانین لە دەقدا بەرەو ڕووی سەرچاوەیی و شتی تر بچن یان مەدلولێك لە دەرەوەی دەق، دواتر هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا نیە)[51] لەژێر تیشکی ئەمجۆرە نەسەقەدا کە زمان ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکات، ئەوە زمانی دەقەکانی ترە، زمان ئاماژە بۆ زمانێکی تر دەکات کە مەبەستی (دەقاوێزان)ە.

---

46 رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، دار الفارس للنشر والتوزيع، المغرب، ط١، ١٩٩٦، ص١٣١.

47 عبدالله الغذامي، الخطيئة والتكفير، ص٥١.

48 بشير تاوريريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٩٦.

49 سەرچاوەی پێشوو، ل٦٩.

50 عبدالله ابراهيم وآخرون، معرفة الآخر، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، ص١٢٦.

51 عبدالعزيز حمودة (د)، المرايا المحدبة من البنوية الى التفكيك، ص٣٤٨.

٢- نیشانەو "جێکەوت" Trace

جێکەوت (Trace)، (پرەنسیپی بنەڕەتی نووسینەو شوێن و زەمەنی نیە، بەڵام پەیوەستە بە ژیان (بیرەوەری) کە ئەسڵی ڕەهای مانا پێکدێنێ)[52]، عبدالله الغذامي چەمکی جێکەوت دەبەستێتەوە بە چەمکی "نائامادە"وە، چونکە جێکەوت لەژێر پەردەی نائامادەدایە، لێرەدا ئامانجی خوێندنەوە ئەوە نیە کە مانای نوێ بداتە وشەکان، بەڵکو ئامانجی خوێنەر دۆزینەوەی جێکەوتە، خودی "جێکەوت"یش زاراوەیەکی هونەرییە دەچێتە شوێن مەبەست و ئامانجی دەقی ئەدەبی و ئەرکێکی جوانیە لە چێژو بەیەکداچوونی دەقە ئەدەبیەکانەوە دێت، ئەویش لە ڕێگای فەزای سیاقی جۆربەجۆری خوێنەرەوە دەستەبەر دەبێت، جێکەوت، لە ئەنجامی پەیوەندیەکانەوە سەرهەڵدەدات، لەمجۆرە خوێندنەوەیەدا، خوێنەر بەدوای مانای دیاریکراوی وشەکاندا ناگەڕێت یان ڕاڤەو درکەو خوازەکان شیناکاتەوە، بەڵکو بەدوای ئەرکی پەیوەندیەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا دەگەڕێت لەپێناو سیاقێکی ئازاد، کە جێکەوتی بەدوادا دێت و لەو ئەزمونە سەرهەڵدەدات، کە چالاکی خوێنەرانەی ڕەخنەگرە کەواتە (جێکەوت لە ئەسڵدا هیچ شتێك نیە بەڵکو بۆچوونێکە لە دەوری شتەکان، جێکەوت و شتەکانیش یەکناگرنەوە)[53].

"دریدا" ئاماژە بۆ خودی جێکەوت دەکات و ڕای وایە کە (سڕینەوەی شتێك و مانەوەی بەشێکی پارێزراو لە نیشانەکان)[54] بەومانایەی کە ئەو شتە یان ئەو شوێنە جوڵەیەکی دوانەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، ئەویش ڕۆیشتنی شتێك و مانەوەی بەشێك لەگەڵیدا، ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت تارادەیەك بەلای مانای زمانیدا دەشکێتەوەو دەلالەتەکەی بۆ یەکێ لەم دوو جوڵەیەو کەمبایەخی یەکێکیان، واتە جێکەوت دەلالەت لە سڕینەوەی شتێك دەکات و مانەوەی بەشێکی پارێزراو واتە تەنها ئاماژە نیە بۆ سڕینەوە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ مانەوە، فکرەی جێکەوت وەرگیراوەو ئەسڵ نیە، چونکە لە ئەنجامی جیاوازیەکانەوە هاتووەو فۆرمێك نیە لە فۆرمە ڕەهاکان و لە کارابوونی "ئامادە"شدا دەبینرێتەوە کە (هەڵگری تایبەتمەندی دژە ئەویش "نائامادەیە" لەبری ئەوەی کە "نائامادە" پێناسە بکرێت بە سیفەتێك کە دژە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئامادە بکەین، کە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی نائامادەو جیاوازی)[55].

بەم پێیە ئامادە هەموو شتێك نیە هەروەك لە میتافیزیکای خۆرئاوا پەیڕەو کراوە، کە بە ڕای "دریدا"ش پێناسەیەك بۆ "جێکەوت" بە ئامادەبوونێکی ڕەها ناکرێت واتە (لە خودی خۆیدا نیەو بە هاتنە ئارای ئەویترەوەیە)[56] ناکرێ نە یەکەم و نە دووەم ڕەتبکەینەوە، چونکە جۆرێك لە لادان هەیە لەنێوان هەردوو نمونەکەداو دیالۆگ هەڵدەگرێ.

هەروەها لە ڕووی ئەسڵی "جێکەوت"ەوە، دریدا ڕای وایە (ئەسڵ ناتوانێ ببێ بە ئەسڵ تەنیا بە پشت بەستن بە دووەم نەبێ، کە پشتیوانی لە یەکەمێتی یەکەم دەکات، بەمجۆرە لە دیدی "دریدا"دا یەکەم بریتیە لە یەکەم و دووەم، بەهەمان شێوە دووەم بریتیە لە دووەم و سێیەم، واتە لای دریدا ئەسڵێکی سادەو ڕووت لەئارادا نیە، چونکە کاتێ ئەسڵ وەك ئەسڵ سەرهەڵدەداو فۆرمەلە دەبێ، ئیدی پیس دەبێ و وەك ئەسڵێك لە مەقامی خۆی دووردەکەوێتەوە. لێرەدا ئەسڵ ناچار ئەبێ ڕێگەیەکی تر بکاتەوە بۆ ئەو جێکەوتانەی دروستدەبن و پاشان دێن بۆ ڕاستکردنەوەو هەموارکردنی خودی ئەسڵ... چونکە هەر لە سەرەتاوە جیاوازی هەبووە)[57]، هەروەك وتمان "جێکەوت" لەسەر ئەویتر (الأخر) دەبێتە ئەسڵی ڕەهاو هەموو ماناو دەلالەتێك، چونکە "جێکەوت" هیچ ئەسڵێکی

---

[52] یوسف وغلیسي (د)، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، ص٣٦٥-٣٦٦.

[53] سەرچاوەی پێشوو، ل٣٦٥ – ٣٦٦.

[54] عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف وسلطة العقل، دار الحكمة للنشر والتوزيع والطباعة، ط١، ٢٠٠٠، ص٩١.

[55] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

[56] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤.

[57] ناصر حلاوی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی فکری دریدا، وەرگێڕانی، ئازاد صوبحی، دەنگ و سێبەر کۆمەڵە وتار، کوردستان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢، ل٢٠٢. هەروەها بڕوانە: عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف وسلطة الفصل.

نیە، کەواتە ماناش هەموو سەرچاوەیەك وندەكات و دەگەڕێتەوە بۆ كاریگەری "جێكەوت" بەمجۆرە گرفتی حەقیقەت و مەعریفەو ئەسڵی یەكەم نامێنێ.

"دریدا" رای وایە کە جێكەوت شتێكە چەمكی میتافیزیكای "ئامادە" دەسڕێتەوە، ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەو ئاشنابوون بە "ئامادە" لە ڕێگای كردەی زمانەوەیە، چونكە (سوسیر جەخت لەسەر بەراوردی نێوان دال و مەدلول (واژەو زبان) دەكاتەوە، بەڵام "دریدا" مەدلول پێش دال دەخات، لەبەرئەوەی بۆچوونی "سوسیر" وایە كە چەمكەكانی "ئامادە" لە دەرەوەی واژەكاندایە)[58] هەربۆیە بە لەناوبردنی بیرۆكەی ئەسڵ بەمانای تێكدان و روخاندنی لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزمەو فەلسەفەیەكی بێ سەنتەر دەخاتە روو.
بۆ تێگەیشتن لەم بابەتە ئەم دەقەی خوارەوەی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی وەك نمونە باس دەكەین:

دەقی (ئەمشەو بێدەنگی دەمكوژێ)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی دەقێكی كراوەیەو وەك تابلۆیەكی ڕەنگاو ڕەنگ وا لەخوێنەر دەكات، كە مامەڵەی دوو مەودایی لەگەڵدا بكرێت، وێنەكان وەك بەشێكی گەورەی شیعرییەت پێكدەهێنن، دواتریش ئاستی زمانی واژەكان كە هەردوو ئاستەكە جیهانبینی دەق دەردەخەن.

زیاتریش لێكۆڵینەوەكە شیعرییەتی جێكەوت Trace و تایبەتمەندییەكانی دەخاتەڕوو، بەمانای هەموو ڕەگەزێك لەسەر بنەمای ڕەگەزەكانی تری ئەسەر لە نەسەقەكاندا دروستدەبێت، ئەویش لەڕێگای گەمەی جیاوازی نیشانەكانەوە بەرهەمدێت، "چەمكی جێكەوت – trace/ ئەسەر لە سیستەمی هەڵوەشاندنەوەدا پەیوەستە بە چەمكی ئامادەبوو، كە ئاراستە میتافیزیكییەكە دەسڕێتەوەو گەمەیەكی ئاڵۆز لەنێوان مانا دژەكاندا لەبواری جیاوازیدا پێكدێت"[59]

هەموو یەكەیەكی بەرهەمهێنان لە زانستی نووسیندا، بەرەو ئاراستەی جێكەوت دەچێتو یەكێكیش لە بنەماكانی زاراوەی (بڵاوبوونەوە – الإنتشار) بەدوای خۆیدا دەهێنێت، واتا زیادبوونو بڵاوبوونەوەی مانا، كە ناتوانرێت حوكمی بەسەردا بدرێت، كە ئاماژەیەكە بە گەمەی ئازادو جوڵەیەكی هەمیشەییو جێگیرنەبوونی مانای نیشانەكانە.

زاراوەی (دووبارە) بنەمایەكی تر دەسازێنێت، ئەویش جێكەوتە كە دووبارەبوونەوەی توانای زمانە، كە پەیوەستە بە دووبارەبوونەوەی ئەسڵ، كە خۆی لە توانای دووبارەی بەرهەمو نواندنو وەرگرتندا دەبینێتەوە.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە قسە لەسەر چەند تەوەرێك دەكەین لە تەوەرەكانی جێكەوتی شیعری، كە جێكەوتی دووبارەیە.

دووبارە:

زیاتریش مەبەستمان دووبارەیەكی میكانیكی نییە، لە دووبارەی واژەكانو ئەركە ڕەوانبێژییەكەی لەنێوان پەیوەندییە دووبارەكان پێكدێت، بەڵكو مەبەستمان "دووبارەی ئەسڵو تواناكانی بەرهەمە لەژێر سایەی نزیكبوونەوەی واژەكان لە دووبارەبوونەوەدا"[60] كە فرەیی یەكەكانی مانایەو دەلالەتی جیاواز دەخاتەڕوو.

ئەوەی ئاماژەی پێدەدەینو مەبەستمانە زاراوەی (دووبارە)یە لەم دەقەی (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی – ئەمشەو بێدەنگی دەمكوژێت)دا كە دەڵێت:

---

[58] محمد عناني (د)، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة ومعجم انكليزي/ عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان، ط٢، سنة ١٩٩٧، ص١٣٧ – ١٣٨.

[59] عماد حسيب محمد (د)، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، دار أطلس للنشر والإنتاج الإعلامي، ٢٠٠٩، ص ١٨٣

[60] عیماد حەسیب محمد، بناء النص: ص ١٨٤

کێ یە ئەمشەو
لەدەرگاکەی ژوورەکەم ئەدا؟
ڕەنگە با بێ
لەدوورەوە ملی بۆ ئەم ناوە نابێ
دەبێ ئێستا
دووکەڵی ئاهی چەند دڵی
لەقووڵایی دەروونا بێ؟
*** *** ***
ئەمشەو بێدەنگی دەمکوژێ
نە با بە هاناما دەگا
نە ئەو ئەستێرە کزبووەی
لەپەنجەرەوە دەیبینم
ئەم دیوارە شێ گرتووەش
هاکا . . . بەسەرما . . . داڕما!
ئەمشەو بێدەنگی دەمکوژێ
کێ بێ لەگەڵ سۆزی گەرما
دەستی ناز بنێ بەسەرما
بێ تۆ پایزێکی وشکم
ڕۆژەکانم ڕەق هەڵاتوون . . . [٦١]

(دووبارە) لەم دەقەی سەرەوەدا، خۆیی لەچەند ئەرکێکدا دەبینێتەوە: (ئامراز، ڕەگ، واژەکان).

١. ئامراز :

أ. ئامرازی پرسیاری "کێ " دووجار دووبارە بۆتەوە، لە حاڵەتی یەکەمدا: (کێ) لەگەڵ وشەی (ئەمشەو)دا هاتووە، دەلالەت لەوە دەکات کە شاعیر لە حاڵەتێکی بێئاگاییدایە لەگەڵ خودی خۆیدا هاوتابووەو حەزناکات کەس لەدەرگای ژوورەکەی بدات، بە بەڵگەی ئەوەی "کێ یە ئەمشەو" لەسەرەتای دەقدا کەوتۆتە ڕوو، لە حاڵەتی دووەمدا : (کێ) لەسەرەتای کۆپلەی سێهەمدا هاتووەو دەڵێت " کێ بێ لەگەڵ سۆزی گەرما" حاڵەتی بێئاگایی تێپەڕاندووەو دەیەوێت ئەو پەیوەندییە ڕووحییەی لەگەڵ خۆیو کەسێکی تردا هەیە، جارێکی تر پێی ئاشنا ببێتەوە .

ب. ئامرازی (نە) نەهی:

ئامرازی (نە) دووجار دووبارە بۆتەوە جارێك لەگەڵ (با) جارێکیش لەگەڵ (ئەستێرە کزبووەکان)دا دوای ئەوەی دەیەوێت ئاشنا بێت بە پەیوەندییەکان، بەڵام جەخت لەسەر نائومێدی دەکاتەوە بەتایبەتی لەگەڵ (با)و (ئەستێرەکان).

٢. دووبارەی (ڕەگ) :

لەی دووبارەی (ڕەگ) دا کە مەبەستمان ڕەگی کردارە دووبارە بۆتەوە ، ئەویش ( ب ) کە ڕەگی کرداری بوونە کە سەراپای دەقەکەی داگیر کردووە ، بەڵام بە دووبارەیەکی جیاواز ، کە ئەم دووبارەیە دەبێتە هۆی فرەیی دەلالەت لە بوونی مانای جیاوازدا و لە ڕووی (مانا) وە دەلالەت دەخوڵقێنێت .

ئەگەر تێبینی بکەیت ڕەگی کرداری بوون بە شێوەیەکی جیاواز و بە دەلالەتی جیاواز سەریهەڵداوەو لە سەراپای دەقدا بەم شێوەیەی خوارەوە هاتووە :

---

[61] بەرگی ئەکەمی دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ل ٢٠٢

١. ڕەنگە با بێ
٢. لە دوورەوە ملی بۆ ئەم ناوە نا بێ
٣. دەبێ ئێستا
٤. لە قووڵایی دەروونا بێ
٥. کێ بێ لەگەڵ سۆزی گەرما

لە یەکەمدا: (ب) کە ڕەگی کرداری (بوون)ە + (ێ) کە جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک (ئەو)، دەلالەت لەوە دەکات، کە ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەگەڵ خەڵکدا نییە(گومان)یخستۆتە سەر ئەو کەسەی کە لە دەرگا دەداتو لە کۆتاییدا دەڵێت : (ڕەنگە بابێت ).

لە دووەمدا : (بێ) کە کورتکراوەی (بێت)ەو وەك ئەسپێکتێك بۆ دەدەرخستنی تافی کرداری لێکدراوی (مل + نان) هاتووە، کردارەکە ماناکەی وا دەرخستووە کە یان (با)یە یان (کەسێك)ە نامۆیەو نازانێت ڕوو بکاتە کوێو بەڕێکەوت هاتۆتە ئێرە.

لە سێیەمدا : (ب) + (ێ) لەڕەگی کرداری (بوون)ەو سەرچاوەی گرتووە، کە ئەسپێکتی (دە)ی وەرگرتووەو بۆ کاتی ئێستایەو زەمەنەکەی دیاریکردووە.

لە چوارەمدا : (ب + جێناو) لە ڕەگی کرداری (بوون)ەوە سەرچاوەی گرتووەو دەستەواژەی (قووڵایی دەروون) هاتووەتە ناو دەقەوەو بە نزیکایەتی بۆ مرۆڤ بەکاردێت. لێرەدا دەردەکەوێت کە (مرۆڤ) لە دەرگای ژوورەکە دەدات، نەك (با)، بەڵام نازانرێت کە ئەو مرۆڤە کێ یە، بەڵام لە هەوڵی ناسینیدایە، بۆیە گومان دەکرێت لە ناسینی مرۆڤەکە.

لە پێنجەمدا : (بە + بێ + تۆ) لەگەڵ ئامرازی (کێ)ی پرسیاردا هاتووە، لەم حاڵەتەدا دەزانێ کە (مرۆڤ)ەو (با) نییە، چونکە لەگەڵ جێناوی کەسی سەربەخۆدا هاتووە، (تۆ) کە نازانرێت ئەم جێناوە بۆ (نێر)ە، یان بۆ (مێ)، واتا گومان دەکرێت لە جۆری ڕەگەزەکەی نێرە یان مێ، لەبەرئەوە گومان بەردەوامەو بە نەناسراوی دەمێنێتەوە.

ئەرکی سێهەم : دووبارەی بنیاتی وشە:

بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێینەوە سەر ناونیشانی دەقی ( ئەمشەو بێدەنگی دەمکوژێ ) تا ڕادەیەك لە ( ناونیشان)ی دەق بدوێین بە تایبەتی لە تیۆرەکانی دوای بونیادگەری لە سەروو هەموشیانەوە تیۆری ( خوێندنەوە و وەرگرتن ) ، یەکێك لە پرنسیبەکانی گرنگیدانە بە ( خوێنەر ) لە پرۆسەی (گەیاندن) دا و چەقی چالاکییەکانی لە بەرهەمهێنەر / دەق دەگوێزێتەوە بۆ خوێنەر دەبێتە بنەمایەکی گرنگی ( گەیاندن ) و تیشك دەخرێتە سەر خوێنەر و دەق ، چونکە لە دوای بونیادگەری تیشك دەخرێتە سەر خوێنەر و دەچ ، یەکێکیش لەو داهێنانە ئەدەبیانە ( ناونیشان )ە بە مانایەك کە ( دیاردەیەکی گەیاندنی سیمانتیکە )[٦٢] و چەندین جۆر ئەرك وەردەگرێت وسەرنجی وەرگر بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت ، هەروەك لەم هێڵکارییەدا دەبینرێت :

دەق ——► وەرگر
بۆ
ناونیشان ——► وەرگر

لە پێناوئەوەی دەقەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و هێڵکارییەکە بەم شێوەی خۆی بێت :

ناونیشان ——►
↑ ↓
دەق

[62] عبدالقادر رحیم ، علی الضونة ، دراسة تطبیقیة ، دار التكوین للتالیف و الترجمة و النشر ، ط ١ ، ٢٠١٠ ، ص ٨٩ .

لەم حاڵەتەدا دەق دەکەوێتە ژێر ئاماژەی ( ناونیشان) ەوە و سەرنجی وەرگر بە لای خۆیدا رادەکێشیٚ و ناونیشانە دەبێتە ئاوێنەی دەق و وەرگر و پیای تێدەپەڕێت و دەبێتە پردێکی پەیوەندی و هۆکارێکە بۆ چوونە ناو دەق ، کارەکەش ( گرنگترین کۆدی هێمایت دەداتیٚ)[٦٣] پەیوەندییەکانت بۆ رووندەکاتەوە و شێوەیەکی پراگماتیکی لە خۆ دەگرێت .ئەو وشانەی کە لە دەقەکەدا هاتوون و دوبارە بوونەتەوە بەشێکیان لەو وشانەن کە لە ( ناونیشان ) دا هاتوون ، وەك

١- وشەی (ئەمشەو )

ناونیشانەکە بریتیەلە ( ئەمشەو بێدەنگی دەمکوژیٚ ) وشەی ( ئەمشەو ) لە دەقەکە و ناونیشاندا هەیە (١)جار لە دەقدا هاتووە و (٣) جاریش لە ناونیشان  کۆپلەکاندا دوبارە بووەتەوە وشەی ( ئەمشەو ) ئاوەڵکارێکی کاتییە ( زەمەن)دەلالەت لەو کاتە دەکات کە روداوەکەی تیادا روودەدات ، چونکە ئێستا رووداوی کوشتنەکە روونەداوە ، کە ( رووداوی بێدەنگییە )و لە ئەنجامدا مردنی بەدواوەیە ، بەڵام :

أ- راستە رووداوی کوشتنەکە لە ( شەو ) دایە و نازانرێت چ شەوێکە و لە چ وەرزێکدایە .

ب- ( کات ) رووداني رووداوەکە لە شەودایە ، بەڵام ( کاتژمێر - رۆژ - هەفتە - مانگ - ساڵ ) دیاری نەکراوە .

ت- بە دیارینەکردنی ساتەوەختی مردنەکەی لە هەفتە و مانگ ساڵەکەدا دەلالەت لە درێژکردنەوە ی ئەبەدییەتی ئەو زەمەنە ناخۆشە دەکات ، کە شاعیر ئاواتەخوازییەتی .

پ- (گومان ) لە رووداني کارەساتی مردنەکەی دەکرێت ، لەوانەیە بە پێچەوانەوە بێت .

٢- وشەی (با)

دووجار لە دەقدا دووبارە بووەتەوە ، ( با ) هێزێکی سروشتی گەورەیە و هێزێکی لە بنەهاتووە لە ئیرادەی مرۆڤدا نیە ، بۆیە :

أ- دەشیٚ ببێتە گوتارێك لە ئاست یست و ئارەزووەکانی شاعیردا نەبیٚ یا خود گوتارێك بیٚ لە ئاست ویست و ئارەزووەکانی شاعیردا بیٚ .

ب- نازانریٚ ئەو ( با ) یە چ جۆرە بایەکە ، وێرانکەرە یان سوودبەخشە ، چونکە لە ئیرادەی کەسدا نییە .

ت- بە بەڵگەی ئەوەی شاعیر دەڵێت ( نە با بە هاناما دەگات ) دوبارە شاعیر جەخت لەسەر ئەو هێزە سروشتیە گەورە دەاتەو کە لە ئاست خودێکی بچووکدا رۆڵی نابێت .

**بەشی سێیەم : پراکتیزەکردنی تیۆرەکە:**

لەتوێژینەوەکەدا هەوڵ ئەدەین بەپێی توانا فکرو فەلسەفەی "دریدا" لەئەدەبی کوردیدا پراکتیزە بکەین بەسەر یەکێك لە دەقەکانی "ئەنوەر قادر محەمەد"دا بەناوی "چراو مەشقەڵان" لەرێگەی هەڵوەشاندنەوەی "دژەکان"و"جیاوازی"یەوە، ئاراستەکانی هەناوی دەق بخەینەڕوو:

دەقەکە :

چراو مەشقەڵان
وەکو چرای کز سوتاوی بەندەری دوور،
تیشکم ناگاتە ئەو کەنار،
غەریبی کێو لەبن دێنێت،

---

٦٣ عبدالقادر رحيم ، علی الضونة ، دراسة تطبيقية ، ، ص ٩١ .

هەر لەلوتکەکانی کورد دا،
من مەشقەڵانی ئاگرم،
شەوانی تاریکی زستان،
دەکەمە شەوقی چراخان، ..... [١]

ئەم دەقەی سەرەوە ئەزمونێکی نوێی هاوچەرخە، لە ناوەرۆك و فۆڕمدا، پێناسەیەکی تایبەتە، بوونێکە لە کۆمەڵێ پەیوەندی، جیهانێکەو چەمکە کۆنەکانی تێپەڕاندووە، چەشنێك لە جیاوازیو بەیەکداچوونو هەڵگەڕانەوە دەخولقێنێ، بەکورتی شیعرێکی نوێو دەربڕینێکی نوێیە بۆ شتەکانو بونیادێکی نوێیە بۆ دەربڕین.

بۆیە لێرەدا، سەرەتا دوو جۆر دەق دەخەینە ڕوو، دواتر ئەو دەقەی سەرەوە، دەخەینە خانەی شیکردنەوەو هەڵوەشاندنەوە، کە دەقێکی نوسەرانەیە"writerly text " بەمانا(بارت)یەکەی ئەو دەقەیە کە پرۆسەی خوێندنەوەو داهێنانی مانا لەسەر زهنییەتی خوێنەرەو سەرلەنوێ دەق دەنووسێتەوەو زۆرجاریش دەقی ترو جیهانێکی تر پێکدەهێنێت، یاخود خوێنەر دەبێتە بەشێك لەبەشەکانی دەق، کە خوێندنەوەیەك بەدوای خۆیدا دەهێنێت سەرەتاو کۆتایی نییە، بەهۆی "نووسینەوە" دەق بەڕووی خوێنەردا دەکرێتەوە، ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا جیاکارییەکی زۆر دەکەوێتە نێوان "دالو مەدلوول"ەوەو بەیەکگەیشتنیان ئەستەمە، بەجۆریك نێوانیان فراوان دەبێ دالەکان ڕاستەوخۆ ئاماژە بە مەدلول ناکەن . لەبەرامبەریشدا، کاتێ باس لەدەقی "نووسەرانە" دەکەین پێویستە ئاوڕێکیش لە دەقی "خوێنەرانە" readerly text بدەینەوە، بەومانایەی کە پرۆسەی

١ ئەنوەر قادر محەمەد ، زریانو زایەڵەو زنار، شیعر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، ٢٠٠٤، ل١١٠.

داهێنانی مانا لە زەینی خوێنەردا نییە، بەڵکو پێشوەخت نووسەر هەژمونی مانای خۆی ڕوونکردۆتەوە، خوێنەر لەم جۆرە دەقانەدا ڕێی پێنادرێت بیربکاتەوەو داهێنانی لێسەنراوەتەوەو خوێنەریش ویستو ئارەزووەکانی نووسەر پەسەند دەکات.

کاتێ بونیادی دەقی "چراو مەشقەڵان"ی ئەنوەر قادر دەخوێنینەوە، کە بە زمانێکی هونەری نووسراوەو لەودیو وشەو دالەکانەوە چەندین مانای جیاوازی لەخۆ گرتووە، بەو مانایەی کە دەق هەڵگری تۆوی "جیاوازی"یەو سەرەڕای دوانە لێکدژەکانیش مانای جیاواز دەخولقێننو ئێستاتیکایەکی زمانیی لەخۆ دەگرن.

ستراتیژی هەڵوەشانەوە بەدوای زمانو خلیسکانی زماندایەوپرۆسەی ماناش (مەرگو حەسرەتی ئاواتەکان) لەدەقەکەدا، لەوە دڵنیاین کە خوێندنەوەی دەق بە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە ڕاڤە بکەینو لێکدژەکان دیاربخەین، بەڵام لەسەرەتادا ئەو دالانە دیاریدەکەین کە هەڵگری تۆوی جیاوازینو کێڵگەی دەلالی دەقەکەن:

وێنەی ١

چرای کز سووتاو
من ..... مەشقەڵانی ئاگرم
شەوانی ..... تاریکی زستان

شاعیر لە دیری یەکەمدا (چرای کز سوتاو) بەچەشنێکە کە هەمیشە بەدوای مەرگو نائومێدیدا خول دەخواتو جوانییەکانی تووشی مەرگ بوون. لەدێڕی پێنجەمدا، شاعیر هەڵگری پەیامێکی گەورەیەو ڕیشەی ئەو پەیامە دەگەڕێتەوە بۆ وتەزای "دیکارت" کە دەڵێت(من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم)واتە من"هەم"و"بوون"م هەیە، بۆیە مەشقەڵانی ئاگر هەڵدەکرێت(من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم) ئەم پاڵپشتیکردنە لە فەلسەفەی لۆگۆستیترالیزی خۆرئاوایی زۆر بەزەقی دەردەکەوێت، هەربۆیە دەبینین کەچۆن لای دریدایی پۆستمۆدێرنە دەخرێتە بەر ڕاڤەکردنو لێکدانەوەی جیاوازەوە، (دیکارت لە نێوان (من)و (بیرکردنەوە) هەژموونی ئەوروپا بەسەر ئەوروپا دەبینی، منی

دیکارتی هەڵگری مێژووی ئەوروپایەو تەعبیر لەو سێنتەرە دەکات کە ئەوروپا بەردەوام خۆی تێدا دەبینێتەوە)[٦٤].

لە دێڕی شەشەمدا "شەوانی تاریکی زستان" کێشەو ململانێکانی دەق لێرەدا کۆتایی پێدێت، بەدەلالەتی ئەوەی هەمیشە مەشقەڵان لەشەوی تاریکدا شەوقی دەبێت، شاعیریش بە پلانێکی دارێژراوی پێشوەخت ئەو شەوە ڕوناک دەکاتەوەو مژدە بە ژیانێکی نوێ دەداتو ئەنجامی پلانەکەی بەدیدەهێنێت.

وێنەی (٢)

لەودیو وشەو دالەکاندا چەندین مانای جیاواز بەدیدەکرێت کە بەمانای بەرهەمهێنانی دوانە لێکدژەکان دێت یان هەڵبژاردنیان،

| ستونی ١ | ستونی ٢ |
|---|---|
| چرای کزسوتاو | چراو مەشقەڵان |
| من ..... | ئەو ....... |
| شەوانی تاریک | شەوانی ڕووناک |

لەم ڕاڤەیەدا دژەکان لەستوونی (٢)دا ڕاڤەیەکی مەنتقییان بۆ دەکەین کە بریتین لە:

- (چراو مەشقەڵان) هەڵگری کۆمەڵێ سیفەتو مانای جیاوازەو نیشانەی {ڕووناکی، ڕەوینەوەی تاریکی، تیشک، ئاسۆ، شەوقدانەوە، گڕوشەوقی سەرکەوتن} دەدەن .
- ئەو ..... من، لە کەلتوری ڕۆژئاوایی ئاماژە بە (خێر/شەڕ)، (ژیان/مەرگ)، (خۆرئاوا/خۆرهەلات)، (ئاخاوتن/نووسین)، (ئامادە/نائامادە).... تاد، کە هەمیشە یەکێك لەم دوانە لێکدژانە بەسەر ئەویتردا سەپێنراوەو بووە بە بوونو حەقیقەت.
- شەوی ڕووناک، دێڕی شەشەمی دەقە شیعرییەکەیە لەگەڵ ناونیشانی دەقەکە (چراو مەشقەڵان) یەکدەگرێتەوەو تەنها لەفۆڕمدا جیاوازنو مەبەستو ئامانجیان تەنها ڕووناکییە، حاڵەتی ژیان/مەرگ لەم دالەدا یەکالا دەبێتەوەو مانایەکی سەرمەدی پێدەبەخشێت، جەختکردنەوەی پڕاوپڕی ناونیشانەکەیە، کە لەبنیاتی دەقی بازنەییدا دەبینرێت .

وێنەی (٣)

| ستوونی (١) لۆژیك | | ستونی (٢) نالۆژیك |
|---|---|---|
| چراو مەشقەڵان | → | چرای کز سوتاو |
| ئەو .... | → | من ...... |
| شەوی ڕووناك | → | شەوی تاریك |

لەوێنەی (٢)دا ڕاڤەی دالەکانی ستوونی (١) کراوەو پێویستی بەدووبارە کردنەوە نییە، گرنگ ئەوەیە کێڵگەیەکی دەلالیو مانای جیاوازیان هەڵگرتووە، واتە ئەو مانایەی کە لەستوونی (١)دا نەوتراونو ڕەگەزە بێدەنگەکانن، هاتوونە دەنگو ماناکانیان لە وێنەی (٢) لە ستوونی (١)دا دۆزراوەتەوە.

شاعیریش لە فەزایەکی هەڵچوونو هێرشبەردایەو جەختکردنەوەیە بۆ حاڵەتی لۆژیکیو شکاندنی ئەو سنوورە چەقبەستووەی کۆمەڵگەکەی .

---

[64] دریدا، ڕەخنە لە سینترالیزمی خۆرئاوا، عبدالمطلب عبدالله، چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٥، ل٦

وێنەی (٤)

ئەوەی شاعیر لە شێوازو مانای دەقدا تەوزیفی کردووە، وێنای ئەو ڕۆژەیە، کە فەزایەکی کراوەو تۆوی ژیانی جیهانێکی دیموکراسی بە کۆمەڵگەی مەدەنی بچێنرێت، چیتر وێنەکانی ژیان/مردن بە ئایدۆلۆژی تاك جەمسەری دووبارە نەبێتەوەو ئومێدی شاعیریش هزرو چەمکە جیاوازەکان ڕێزی لێبگیرێتو ئەو ... ئەویتر نەکرێنە ئامانج.

ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان هەڵوەشانەوەی دوانە لێکدژەکان نییە، بەڵکو جەختکردنەوەیە لەسەر فەلسەفەی "دریدا" کەخۆی لەدارمانو هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەی میتافیزیکدا دەبینێتەوەو دەیەوێت ئەو سەنتەرانە تێك بشکێنێ کە بوونو حەقیقەت دەبەخشن لە جیهانی تاك جەمسەریدا.

دروستکردنو پێکهاتەی ئەم جۆرە فەزایەو خوێندنەوەی جۆراوجۆری دەقەکان بەیەکێك لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام دەدرێت ئەویش "جیاوازی"یەو لەسەر بنەمای ئەم دوو سیفەتەی خوارەوە پێکدێت[65]:

١) لەسەر بنەمای دالەکانەو مەدلوولی جیاواز بەرهەمدێنێو زمانی (نووسین) پێش (ئاخاوتن) دەخات.

٢) خودی "جیاوازی" خۆی لەشێوەی دژەکاندا دەبینێتەوە، وەك (ڕووناکی/تاریکی، خێر/شەڕ، ئاگر/ئاو، غەریبی/ئاشنایی، ئامادە/نائامادە،.... تاد ) .

ئەنجام :

١) فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە ڕەوتێکی نوێگەرییەو فەزای کراوەی لەبەردەم گوتارەکان خستەڕوو، دژی میتافیزیکای خۆرئاوایە، کە بەدرێژایی مێژوو یەکێ لەم دوانە لێکدژەکان ئاخاوتن/نووسن، ئامادە/ نائامادە، خۆرئاوا/خۆرهەڵات دەخاتە پێشو ئەویتر پەراوێز دەخات.

٢) دەقی "چراو مەشقەڵان" دەقێکی نوێیەو هەڵگری تۆوی جیاوازییەو لەڕێگەی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە ڕاڤەی جۆربەجۆری بۆ دەکرێت.

٣) کاتێ خوێندنەوەکان بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام دەدرێن بەئامانجی بنیاتنانەوەیە.

٤) دەقی "چراو مەشقەڵان" ڕێگە بەخوێنەر دەدات ڕۆبچێتە قوڵاییەکانی دەقو دەلالەتی بێکۆتا بەرهەمبهێنێو دەقەکەش بەکراوەیی بمێنێتەوە .

٥) ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەی دەقی "چراو مەشقەڵان" لەئەنجامی "دوانە لێکدژەکان"و "جیاوازی"یەوە سەریهەڵداوە.

سەرچاوەکان


سەرچاوە کوردییەکان:

١- ئەنوەر قادر محەمەد ، زریانو زایەڵەو زنار، شیعر، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ، ٢٠٠٤.

٢- دریدا، ڕەخنە لە سینترالیزمی خۆرئاوا، عبدالمطلب عبدالله، چاپو پەخشی سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٥.

٣- ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.

٤- ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، هەڵوەشاندنەوەگەری، پێداچوونەوەی ئازاد صوبحی، دەزگای ڕێبین بۆ چاپ و پەخشی کتێب، چاپی یەکەم، ٢٠٠٤.


[65] عماد حسیب محمد، بناءالنص، قرارات التفکیکیة في الشعر الحدیث، اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، القاهرة، ط١، ٢٠٠٩، ص٦٥

٥- ناصر حلاوی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی فکری دریدا، وەرگێڕانی،ئازاد صوبحی، دەنگ و سێبەر کۆمەڵە وتار، کوردستان، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٢. هەروەها بڕوانە: عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف وسلطة الفصل.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

٦- بشير تاوريريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا – دمشق، ط١، ٢٠٠٨.

٧- بيرف، زيما، التفكيكية، دراسة نقدية، تعريب اسامة الحاج، المؤسسة الجامعية للنشر والتوزيع، بيروت، ط١، ١٩٩٦.

٨- تيري ايكلتن، مقدمة في نظرية الأدب، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، مراجعة د. عاصم اسماعيل الياس، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٩٢.

٩- جوليا كريستيفا، علم النص، فريد الزاهي، دار توبقال، الدار البيضاء، ١٩٩٧.

١٠- جون ستروك، البنوية وما بعدها (من ليفي شتراوس الى دريدا) ترجمة د. محمد عصفور، الكويت، ٢٠٠٦.

١١- جيرار جينيت، مدخل جامع النص، ترجمة عبدالرحمن ايوب، دار توبقال، الدار البيضاء، ط٢، ١٩٨٦.

١٢- رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، بيروت، ط١، ١٩٩٦.

١٣- رولان بارت، درس السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بنعبد العالي، دار توبقال للنشر، المغرب، ط٢، ١٩٨٢.

١٤- س. رافيندران، البنوية والتفكيكية، ترجمة خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ط١، ٢٠٠٢.

١٥- سمير سعد الحجازى (د) نظريات المعاصرة في تفسير الأدب، النظرية والتطبيق، القاهرة، ط١، ٢٠٠١.

١٦- شجاع المسلم العاني (د)، قراءات في الأدب والنقد، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٩.

١٧- عبدالله الغذامي، الخطيئة والتكفير، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – المغرب، ط٦، ٢٠٠٦.

١٨- عبدالله الغذامي، (د) المشاكلة والاختلاف، قراءة في النظرية النقدية العربية وبحث في شبيه المختلف، المركز الثقافي العربي، بيروت، ١٩٩٤.

١٩- عزالدين المناصرة، علم التناص المقارن، نحو منهج عنكبوتي تفاعلي، دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، الأردن، ط١، ٢٠٠١.

٢٠- عبدالعزيز حمودة (د)، المرايا المحدبة من البنوية الى التفكيك، عالم المعرفة ٢٣٢، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب/ الكويت، ١٩٩٨.

٢١- عبدالوهاب المسيري (د)، موسوعة اليهود واليهودية والصهيونية، نموذج تفسيري جديد، دار الشؤون، مصر، ط١، ١٩٩٩.

٢٢- عبدالله ابراهيم، معرفة الآخر، مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، بيروت، ١٩٩٠.

٢٣- عماد حسيب محمد، بناءالنص، قرارات التفكيكية في الشعر الحديث، اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، القاهرة، ط١، ٢٠٠٩.

٢٤- فاطمة البريكي، مدخل الى الأدب التفاعلي، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، ط١، ٢٠٠٦.

٢٥- ميجان رويلي، دليل الناقد الأدبي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٢، ٢٠٠٠.

٢٦- محمد عزام، تحليل الخطاب الأدبي، على ضوء المناهج النقدية الحديثة، دراسة في نقد النقد، من منشورات اتحاد الكتاب العربي، دمشق، ٢٠٠٣.

٢٧- محمد عزام، النص الغائب، تجليات التناص في الشعر العربي، منشورات اتحاد الكتاب الوب، دمشق، ٢٠٠١.

٢٨- محمد عنانى (د)، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة ومعجم انكليزي/ عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان، ط٢، سنة ١٩٩٧.

٢٩- يوسف وغليسي (د)، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨.

٣٠- هبرماس، القول الفلسفي للحداثة، ترجمة د.فاطمة الجيوشي، المنشورات وزارة الثقافة، سورية – دمشق، ١٩٩٥.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

31- Jonathan Culler. On deceonstruction Theory and criticism after structuralism.

## ملخص البحث

كان النقد بشكل عام ينظر الى الكاتب بقدسية ويعتبره وحده خالقاً لأي عمل أدبي ومبدعا له. إلا أن أطلق المفكر والباحث الفرنسي المعروف رولان بارت صرخته المشهورة "موت الكاتب"، حيث أعطى استقلالية لامحدودة للنص حتى من مؤلفه، بأعتبار النص نهج متناغم ومنسجم للعلامات اللغوية التي تتفاعل فيما بينها حسب قواعد اللغة، دون أي تأثير يذكر حتى من صاحبه.

وأضاف مفكر فرنسي آخر وهو جاك دريدا بدوره مبدأً و بعداً آخر في المنهج النقدي مابعد البنيوي أي "التفكيكية"، مستفيداً في الأساس من طروحات العالم اللغوي السويسري فرديناند دي سوسير الذي يرى في (الأختلاف) منبعاً للمعنى والدلالات.. وبنى دريدا نظريته هذه بالضد في مركزية الفكر الأوروبي (logocentrisme) المتجمد، التي تقوم بارجاع كل شئ الى قوانين المسبقة الثابتة.. وقد أطلق دريدا بمنهجه هذا العنان الى تعددية القراءات والمعنى للنص، أو ما يسمى الآن بالنص المفتوح. يستطيع القارئ أياً كان مستواه ومنظوره النقدي تفسير النص وفق مايراه وحسب قدرته وخلفيته الثقافية والفكرية. ويشبه دريدا النص بالأرضية التي ينحت فيها الأركيولوجي الشقوق لأكتشاف آثار جديدة، مثله مثل القارئ الذي يبحث في ثنايا وأعماق النص المفتوح جني ثمار معاني جديدة مع كل تنقيب جديد.



## ABSTRACT

In general, criticism looked at writers sacredly and they thought that texts were produced by their writers only and also it thought that they were an inventor of them. Until French scholar Roland Barthe claims his famous saying: “mort of author” in 1968.

He gives unlimited independence to the texts even from their writers. By this he changes the holiness of writer to the holiness of language. According to it language consists of sign’s system and also it reflexes itself, its elements, and constitutes. This notion depends on the idea that the sign systems of texts consist of harmonious signs which is interacting with each other.

Another French intellectual, Jack Dridda claims another critic method which is called Deconstruction. He essentially benefits from another linguist De Saussare’s idea that he sees in differences sources of meanings. Dridda established his theory from logocentrisme which it returned all things to the fixed systems.

In his method claimed for an idea “opened text”. According to this idea, all readers can analyze text depending on their cultures, backgrounds, and ideological understanding and ability.

Dridda compares texts with layers of earth, and readers with Archeologists also. Archeologists sculpture layers of earth in order to discovering new traces. Archeologist’s work simile to those readers with which all new readings search for new meanings among elements of texts.